پسپۆڕێکی کەرتی نەوت: دابەزینی نرخی نەوت کاتییە و دەگاتەوە سەرووی پەنجا دۆلار

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5949) سێ شەممە 10ی ئادار 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

دوێنێ نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان بە ڕێژەیەکی بەرچاو رووی لە دابەزین کرد و نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت گەیشتە 32دۆلار، پسپۆڕێکی کەرتی نەوتیش پێی وایە، دابەزینەکە کاتییە و نرخی نەوت دەگاتەوە سەرووی پەنجا دۆلار.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان کۆبووەوە

بڕیاری پشووی فەرمی لە دامودەزگاکانی حکوومەت جگە لە هێزەکانی پێشمەرگە، ئاسایش و ئاسایشی ناوخۆ و دامەزراوەکانی تەندروستی درا

دوا وادە بۆ گەڕانەوەی هاووڵاتیانی هەرێم لە ئێرانەوە بۆ ناو هەرێم ڕۆژی 15 ئادار دەبێت



دوێنێ دووشەممە 9 ئاداری 2020 قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لە هەوڵێر بە ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بە ئامادەبوونی وەزیر و لایەنە پەیوەندیدارەکان، سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای لە هەرێمی کوردستان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا، باس لە دوا ڕێکار و ئامادەکارییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنماییە تەندروستییەکان کرا. جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سەرەتای کۆبوونەوەکە ستایشی وەزیرانیی ناوخۆ، تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارەکان دیکەی کرد لەدانانی پلان و هەنگاوەکانی پاراستنی ژیان و سەلامەتی هاووڵاتییان و ڕایسپاردن بەردەوام بن و ئاماژەی بەوەشدا کە پێویستە هەماهەنگی لەنێوان گشت وەزارەت و دامودەزگاکاندا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانرێت باشتر کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکرێت.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ کورد و کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول

ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار ئەو ڕێککەوتننامەی مێژوویییەی کە لە 11ی ئاداری ساڵی 1970 لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش کورد جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و حکومەتی عێراق ئیمزا کرا، ئەم ڕێککەوتننامەیە دوای قوربانیدان و خەباتێکی بێوچانی کورد بوو کە لە ساڵی 1961ەوە لە شەڕێکی خوێناویدا بوو دژی ڕژێمی بەعس، هەر ئەو خەبات و بەخودانەش بوو وای لە دەسەڵاتدارانی بەعس کرد ملیان کە چ بکەن بۆ داواکاریەکانی کوردو شۆڕی ئەیلوول بەسەرۆکایەتی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا بکەن. **(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل9 بخوێنەوە)**

وەزارەتی پێشمەرگە: بۆردومانکردنی مۆڵگە و بارەگاکانی داعش لە قەرەچوغ بەردەوامە

دوای ئەوەی ڕۆژی ڕابردوو هێزەکانی هاوپەیمانان بە هاوکاری پێشمەرگە هێرشێکی چڕی ئاسمانیان کردە سەر چەکدارو حەشارگەکانی داعش لە زنجیرە چیاکانی قەرەچوغ، دوێنێش فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان بەردەوام بوون لە بۆردومانی مۆڵگە و حەشارگەکانی داعش لە چیای قەرچوغی سنووری قەزای مەخمور. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



ئێران...
43 کەسی دیکە بەهۆی جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا

لە ئێران 43 کەسی دیکە بەهۆی جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا (Covid -19) گیانیان لەدەستدا، بەمەیش ژمارەی ئەوانەی بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە لەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەوە بۆ 237کەس، ژمارەی تووشبوانیش گەیشتە حەوت هەزار و 161 کەس.

خەبات پشووی دەبێت

بەپێی یادەکانی ئادارو نەورۆز، هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی پشووی سەرتاسەری لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ڕۆژنامەی (خەبات) لە ڕۆژانی پشوو دەرناچێت و ڕۆژی یەکشەممە ڕێککەوتی 29ی ئادار دێینەوە خزمەتتان.. بەهیوای سەلامەتی و دووربوون لەنەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ خوێنەرانی ئازیزو تێکڕای خەڵکی کوردستان.

جووتیار عادل: پێدانی مووچە بەردەوام دەبێت

گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، وێڕای پشووی دامودەزگاکان، مووچەی فەرمانبەران بەردەوام دەبێت. دوێنێ دووشەممە جووتیار عادل ڕایگەیاند، کە سەرباری ئەوەی حکوومەتی هەرێم بڕیاری دا پشوو سەرجەم دامودەزگاکانی حکوومەت بێ لە پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و تەندروستی بگرێتەوە، بەڵام پێدانی مووچە بەردەوام دەبێت، ئەوەش لە ئەولەویەتی حکوومەتی هەرێم دایە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لەم ساڵدا نزیکەی 35 پرۆژەی گەورە و ستراتیژی جێبەجێ دەکرێن

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ساسان عەونی ڕایگەیاند کە لە ساڵی 2020دا، نزیکەی 35 پرۆژەی گەورە و ستراتیژی کە ئەولەویەت بۆ پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە دەبێت جێبەجێ دەکرێن و بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانیش بۆ دابینکردنی بوودجەی پێویست بۆ تەواوکردن و جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەرچووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سلێمانی.. سەرجەم شەقام و شوێنە گشتییەکان بە مادەی ڤارکۆن پاکدەکرێتەوە

بەهاوکاری تیمەکانی شارەوانی، بەرگری شارستانی و لیژنەکانی قائیمقامیەتی قەزای سلێمانی، هەڵمەتی پاک کردنەوەی شەقام و دووکانەکانی ناو بازاڕی سلێمانی دەستپێکرد. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

10 پەرلەمانتاری عێراقی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون

بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسێکی ڕووسی، 10 ئەندامی پەرلەمانی عێراق پشکنینی تاقیگەییان لە تاقیگەی تەندروستیی ناوەندی لە پارێزگای بەغدا بۆ کراوە و ئەنجامەکانیان پۆزەتیڤ بووە و تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سعوودیە هاتوچۆ لەگەڵ 14 دەوڵەت قەدەغە دەکات

دوای دەرکەوتنی نزیکەی 200 حاڵەتی تووشبوون بەڤایرۆسی کۆرۆنا کە زۆربەیان شیعە مەزهەبن و لە ئێران گەڕاونەتەوە حکوومەتی سعوودیە چەند بڕیارێکی دا کە هەندێکیان کەموێنەیە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



عێراق.. لە خۆپیشاندانەکانی بەغدا سێ خۆپیشاندەر کوژران و 44ی دیکەش بریندار بوون

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان کۆبووەوە

بڕیاری پشووی فەرمی لە دامودەزگاکانی حکوومەت جگە لە هێزەکانی پێشمەرگە، ئاسایش و ئاسایشی ناوخۆ و دامەزراوەکانی تەندروستی درا

دوا وادە بۆ گەڕانەوەی هاوواڵاتیانی هەرێم لە ئێرانەوە بۆ ناو هەرێم ڕۆژی 15 ئادار دەبێت



دوێنێ دووشەمە 9 ئاداری 2020 قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لە هەوڵێر بە ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بە ئامادەبوونی وەزیر و لایەنە پەیوەندیدارەکان، سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا، باس لە دوا ڕێکار و ئامادەکارییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنماییە تەندروستییەکان کرا.

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سەرەتای کۆبوونەوەکە ستایشی وەزیرانیی ناوخۆ، تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارەکان دیکەی کرد لەدانانی پلان و هەنگاوەکانی پاراستنی ژیان و سەلامەتی هاووڵاتیان و ڕایسپاردن بەردەوام بن و ئاماژەی بەوەشدا کە پێویستە هەماهەنگی لەنێوان گشت وەزارەت و دامودەزگاکاندا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانرێت باشتر کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکرێت.

دواتر هەردوو وەزیری ناوخۆ و تەندروستی ڕاپۆرتی خۆیان سەبارەت بە هەنگاوەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و پلانی داهاتوویان خستەڕوو.

کۆبوونەوە جەختی لە گرنگیی بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پێشوو کردەوە کە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان دەرکراوون وەک کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و سنوردار کردنی هاتووچۆی نێوان شارەکان و ڕاگرتنی پاکوخاوێنی و پەیوەندیکردن بە بنکەکانی دیاریکراو لە کاتی بوونی هەر حاڵەتێک کە گومانی هەڵگرتنی ڤایرۆسی کۆرۆنای لێدەکرێت. ئەم ڕێنمایی و ڕاسپاردە و بڕیارانە تەنها بۆ پاراستنی ژیانی هاووڵاتیانە لە تووشبوون بەم ڤایرۆسە.

پاش گفتوگۆ کردن لەبارەی دوا ڕێکارەکان و هەنگاوەکانی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و خستنەڕووی پێشنیارەکان، بڕ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، بڕیاریدا:

1- لە سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان (جگە لە هێزەکانی پێشمەرگە، ئاسایش و ئاسایشی ناوخۆ و دامەزراوەکانی تەندروستی) لە ڕۆژی پێنجشەمە 2020/3/12تا ڕۆژی پێنجشەمە 2020/3/26 دەبێتە پشووی فەرمی و (ڕۆژانی 27-2020/3/28 پشووی کۆتایی هەفتانەیە) و ڕۆژی یەکشەمە 2020/3/29 دەوامی فەرمی دەستپێدەکاتەوە.

2- لە ناوەندەکانی خوێندنی سەر بە وەزارەتی پەروەردە (حکومی و ئەهلی) ڕۆژی شەمە 2020/3/28 پرۆسەی خوێندن دەستپێدەکاتەوە. پرۆسەی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی لە ڕۆژی 2020/4/1 دەستپێدەکاتەوە.

3- وەزارەتی تەندروستی بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییە فریاگوزارییەکان بە هاووڵاتیان لە ڕێگای پیادەکردنی ئیشکگریی.

4-وەزارەتە خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەردەوام دەبن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی لە ڕێگای ئیشکگریی و بۆ ئەو مەبەستەش ڕێنمایی پێویست دەردەکەن.

5- دوا وادە بۆ گەڕانەوەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ ناو هەرێم ڕۆژی 2020/3/ 15 دەبێت و لە 2020/3/16تا ڕۆژی 2020/4/1 ڕێگە نادرێت بە هاتنەوەی هاووڵاتییان لە ئێرانەوە. بەڕەچاوکردنی بەردەوامبوونی جموجۆڵی بازرگانی بەپێی ڕێنماییە بەرکارەکان.

6-تەرخانکردنی قۆناغی دووەمی بوودجە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی تەندروستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا .

7-وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕاسپێردرا بۆ بەردەوامبوون لەسەر ڕێکارەکانیان لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

8-ڕاسپاردنی وەزیری داد بۆ چالاککردنی داواکاری گشتی بەمەبەستی وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بەو کەس و لایەن و کەناڵە میدیاییانەی کە پێچەوانەی ڕێنماییەکان و سیاسەتی حکوومەت کاردەکەن و دەبنە هۆی پشێوی.

9-پێدانی دەسەلات بە پارێزگارەکان و سەرپەرشتیاری یەکە ئیدارییە سەربەخۆکان و لیژنەکانی قایمقامییەت بۆ ڕێکخستنەوە و چاودێری کردنی بازاڕی ناوخۆیی.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، قوباد تاڵەبانی جەختی کردەوە کە پێویستە هەموو لایەک پابەند بن بە بڕیار و ڕاسپاردەکان بۆ ئەوەی بتوانرێت باشتر ڕێگری و بەر بگیرێت لە زیاتر تەشەنەسەندنی ئەو ڤایرۆسە.

پەرلەمانی کوردستان تا دوای نەورۆز کۆنابێتەوە

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد کە لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، تا دوای جەژنی نەورۆز، پەرلەمان کۆنابێتەوە.

سەعید مستەفا تەتەرخان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، سەرجەم کۆبوونەوەکانی پەرلەمان ڕاگیراوە تا دوای جەژنی نەورۆز، ئەمەش بە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بووە.

ڕوونیشی کردەوە کە هەریەکێک لە پەرلەمانتاران، لە شارێکن، بۆیە پێویستە ئاگادار بن.

جەختیشی کردەوە کە وەستانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان تا دوای جەژنی نەورۆز، بەهۆی ڕێکارەکانی خۆپارێزییە لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

ساسان عەونی: لەم ساڵدا نزیکەی 35 پرۆژەی گەورە و ستراتیژی جێبەجێ دەکرێن



وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ساسان عەونی ڕایگەیاند کە لە ساڵی 2020دا، نزیکەی 35 پرۆژەی گەورە و ستراتیژی کە ئەولەویەت بۆ پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە دەبێت جێبەجێ دەکرێن و بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانیش بۆ دابینکردنی بوودجەی پێویست بۆ تەواوکردن و جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەرچووە. لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاردا هاتووە "وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ژمارەیەکی یەکجار زۆر پرۆژەی هەیە کە بەشێک لەو پرۆژانە پرۆژەی بەردەوامن".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار سەبارەت بە پلانی حکوومەت بۆ جێبەجێکردن و تەواوکردنی پرۆژەکان ڕایگەیاندووە "لەوەی کە ئەولەویەتی لە پرۆژەکان وەرگرتووە، تەواوکردنی پرۆژە گەورەکان و پرۆژە ستراتیژییەکانی ئاوی خواردنەوەن کە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەگرنەوە".

کوردستان و وەزارەتی پلاندان، بڕیاری دابینکردنی بوودجەی پێویستییان بۆ نزیکەی 35 پرۆژە داوە کە ئەولەویەتی ئەو پرۆژانەش بۆ پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەن، هەروەها پرۆژەکانی دیکەی ژێرخانیش، وەک تۆڕێکی شەقام لەناو شار و شارۆچکەکان و هەندێک خزمەتگوزاری دیکەش کە بۆ هاووڵاتیان پێویستن".

جووتیار عادل:

پێدانی مووچە بەردەوام دەبێت



گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، وێڕای پشووی دامودەزگاکان، مووچەی فەرمانبەران بەردەوام دەبێت. دوێنێ دووشەمە لە پریسکۆنفراسێکیدا دکتۆر جووتیار عادل ڕایگەیاند، کە سەربارى ئەوەى حکوومەتى هەرێم بڕیارى دا پشوو سەرجەم دامودەزگاکانى حکوومەت بێ لە پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و تەندروستى بگرێتەوە، بەڵام پێدانى مووچە بەردەوام دەبێت، ئەوەش لە ئەولەویەتى حکوومەتى هەرێم دایە.

گوتەبێژى فەرمیى حکوومەتى هەرێمى کوردستان، لە دواى کۆبوونەوەى ئەنجومەنى باڵاى ڕووبەڕووبوونەوەى کۆرۆنا لە ئەنجومەنى وەزیران ڕاشیگەیاند، کە دەربارەى کاریگەریى دابەزینى نرخى نەوت لەسەر مووچە، لەم چەند ڕۆژەدا گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لەو بابەتە دەکەن و دواتر بۆ هەمووان باڵاى دەکەنەوە.

لە بارەى خۆپارێزى لە کەرتى تایبەتدا، جووتیار عادل ڕوونیکردەوە، ئەوانیش بەشێکن لە پرۆسەى ئیدارى و داوا لەوانیش دەکەین پابەند بن بە ڕێنماییە تەندروستییەکانى حکوومەت. لە بەشێکى دیکەى کۆنفرانسە میدیاییەکەیدا، جووتیار عادل باسى لە دەروازە سنووریەکان و ڕێکارەکانى خۆپارێزى کرد و گوتى: لە سنوورەکانمان لەگەڵ ئێران و تورکیا دووبارە ڕێکخستنەوەمان کردووە بە جۆرێک کارىگەرىى نەبێت لەسەر ژیانى خەڵک و بازاڕ بە شێوەیەکى گشتى، دووبارە ڕێکخستنەوەى هاوردەى کاڵاکان و سوورتەمەنى و چارەسەر کراوە بە ڕێکارێک کە هیچ بەرکەوتنێکى مرۆیى لە سنوورەکان دروست نەبێت ئەمەش چارەسەر کراوە.

لە بارەى سەیران و گەشتى بەهارەى هاووڵاتیانیش وتەبێژى حکوومەت گوتى: ئێمە هەرچەند ناتوانین ڕێگە لە خەڵک بگرین کە سەیران بکەن، بەڵام داوا دەکەین خەڵک خۆیان لە قەرەباڵغى بپارێزن، بۆ پاراستنى تەندروستیى خۆیان. هەروەها ئاماژەى بەوەشدا، هەوڵەکان بەردەوامن بۆ دابینکردنى پێداویستیى پزیشکى بۆ ڕووبەڕووبوونەوەى ئەم نەخۆشییە و گوتى: لەگەڵ حکوومەتى عێراق و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان لە هەوڵى بەردەوام داین. دووپاتیشیکردەوە، بڕیارە نوێیەکانى حکوومەتى هەرێم لەسەر بنەماى لێکۆڵینەوە دەرکراون و لەو بارەیەوە گوتى: بڕیارەکانى حکوومەت دواى دیراسە دەرکراوە بەپێى بنەماکانى ڕێکخراوە تەندروستیى جیهانى و ئەم بڕیارانە لەخۆوە دەرنەکراون.

www.xebat.net
ژمارە (5949) 2020/3/10 سێ شەممە

تائێستا هیچ کەس لە پارێزگاکە تووشی کۆرۆنا نەبووە

لە هەڵەبجە هەڵمەتی رشاندنی دەرمان لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان دەستپێکرد







خەبات/عدلی بانیشاری:

هەڵمەتی رشاندنی دەرمان لە پارێزگای هەڵەبجە دەستپێکردووە و هەڵمەتەکە بۆ ماوەی چەند رۆژێک بەردەوامی دەبێت. بەگوێرەی راگەیەنراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە تائێستا هیچ هاوواڵتییەکی نیشتەجێی سنووری پارێزگاکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبووە.

دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەڵەبجە بڕیاریدا هەڵمەتی رشاندنی دەرمان لە پارێزگاکە ئەنجام بدرێت، دوێنێ دووشەمە 9ی ئادار لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکانی شارەکە هەڵمەتی رشاندنی دەرمان لەلایەن شارەوانی هەڵەبجە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە لە کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی دەستپێکرد و تا کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ بەردەوامی هەبوو. وابڕیارە هەڵمەتەکە فراوانتر بکرێت و بۆ رۆژانی داهاتوو بەردەوامی هەبێت.

لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەڵەبجە داوا دەکات خاوەن مارکێت و پێشانگاکان لەسەر ئەرکی خۆیان هەست بە تعقیمکردنی شوێنەکانیان. بەنزیخانەکانیش لە کاتی تێکردنی بەنزین پێویستە ڕەچاوی تەعقیم کردنی ئەو شوێنانە بکەن کە دەستبەری دەکەوێت و دەستکێش بەکاربهێنن. هەروەها لیژنەکە داوای لە چێشتخانەو چایخانەو قەسابخانەکان کردووە پابەندنی سەرجەم ڕێنماییە تەندروستییەکان بن و دەستکێش و مادەی تەعقیم بەکاربهێنن. لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەڵەبجە بڕیاریداوە سەرجەم کەرەستەکانی یاریکردن وەک تاوڵە و دۆمینە و ئۆکەی لەچایخانە و کافتریاکان قەدەغە بکرێت. لە بڕیاری لیژنەکەدا هاتووە سەرجەم ئەو هاوواڵتیانەی بە قاچاغ لە ئێران خۆیان ڕادەستی تیمی تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارەکان نەکردوە ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە و لەئایندەدا هەرکەسێک بەقاچاغ بگەڕێتەوە و خۆی نەناسێنێت ئیجرائاتی توندی یاسای لەگەڵدا دەکرێت. لیژنەکە داواشیکردووە پرسە لە کۆلانەکانیش دانەنرێت.

لە دوو رۆژی ڕابردوودا دوو کەس لە هەڵەبجە گومانی ئەوەیان لێدەکرا تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووبن، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە دەڵێت: ئەو دوو کەسە پشکنینان بۆ کراوە و هەڵگری ڤایرۆسەکە نین. تەندروستی هەڵەبجە داوا لە هاوواڵتیانی سنووری پارێزگاکە دەکات هەرنیشانەیەکی کۆئەندامی هەناسەیان هەبوو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەمەڵبەندی 24 کاتژمێری نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە لە نێو نەخۆشخانەی چارەسەری بەرکەووتوانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بکەن.

د.ئازاد مستەفا، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە بە(خەبات)ی ڕاگەیاند: تائێستا 121کەس لە پارێزگای هەڵەبجە کەرەنتینەیان بۆ کراوە، لەو ژمارەیەش 67 کەسیان لە ژێر کەرەنتینە ماوەنەتەوە و 54 کەسیان دەرچوون و ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە. ناوبراو گوتیشی: خۆشبەختانە تائێستا هیچ کەسێک لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبووە.



ئاژانسێکی ڕووسی: 10 پەرلەمانتاری عێراقی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون

ئاژانسێکی ڕووسی تووشبوونی 10 ئەندامی پەرلەمانی عێراقی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (کۆڤید - 19) ڕاگەیاند. بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی (سپۆتنیک)ی ڕووسی، 10 ئەندامی پەرلەمانی عێراق پشکنینی تاقیگەییان لە تاقیگەی تەندروستیی ناوەندی لە پارێزگای بەغدا بۆ کراوە و ئەنجامەکانیان پۆزەتیڤ بووە و تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.
هەمان ئاژانس لە زاری پەرلەمانتارێکەوە بڵاوی کردووەتەوە کە بەشێک لەوانەی تووشی کۆرۆنا بوون، پەرلەمانتاری نزیک لە میلیشیا و کەسایەتییە شیعییەکانی سەر بە ئێرانن.
ئەمە لە کاتێکدایە کە تاوەکو ئێستا هیچ بەیاننامەیەکی فەرمی لە بارەی تووشبوونی ئەو پەرلەمانتارانە یان ڕەتکردنەوەی زانیارییەکانی ئاژانسە ڕووسییەکەوە بڵاو نەکراوەتەوە.
تا ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا نزیکەی 70 حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا تۆمار کراوە کە 13 حاڵەتیان لە هەرێمی کوردستانە و تائێستاش 6کەس لە تەواوی عێراقدا بەم هۆیەوە گیانیان لە دەست داوە کە یەکێکیان لە پارێزگای سلێمانییە.

جێگری پارێزگاری مووسڵ:

زیاتر لە 45 هەزار کەس داوای قەرەبوو لە بەغدا دەکەن



لە مووسڵ 45 هەزار کەس داوای قەرەبووی زیانەکانی سەردەمی شەڕی تیرۆریستانی داعش لە حکوومەتی فیدراڵ دەکەن، جێگری پارێزگاری مووسڵ بۆ کاروباری کارگێڕییش دەڵێ، بەغدا خەمساردە لە قەرەبووی زیانەکان و هۆکاریشە بۆ نەگەڕانەوەی خەڵک.
ڕەفعەت سمو، جێگری پارێزگاری مووسڵ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بە هۆی داگیرکردنی شاری مووسڵ لە لایەن گرووپی تیرۆریستیی داعشەوە لە ساڵی 2014 زیانێکی زۆر بە ژێرخانی مووسڵ گەیشتووە و خەڵکێکی زۆر بێ ماڵ و حاڵ ماونەتەوە، چونکە شوێنی نیشتەجێبوونیان خاپوور کراوە و شوێن نییە تێدا بحەوێنەوە.
جێگری پارێزگاری مووسڵ دەشڵێت، بڕیار بوو خەڵکی ئەم قەرەبووە بکرێنەوە لە بەرامبەر ئەو زیانانەی بەریان کەوتووە، زیاتر لە 45 هەزار هاوواڵتییش سکاڵایان تۆمار کردووە، بەڵام تا ئێستا حکوومەتی فیدراڵ وەک پێویست قەرەبووی هاوواڵتیانی زەرەرمەند ناکاتەوە، زیانەکانیش زیاتر خاپوورکردنی خانوو و تێکدانی ئۆتۆمبێل و زیانی دیکەی ماددین.
سمو ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، یەکێک لەو هۆکارانەی بەشێکی زۆری ئاوارەکان ناگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، خەمساردیی بەغدایە لەوەی کاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی مووسڵ نەکردووە و هاوواڵتیانیش بە بێ خزمەتگوزاری و بێ شوێن ناتوانن لە ناوچەکەدا بژین.

ئەگەری قەدەغەکردنی حەج لە موسڵمانانی چەند وڵاتێک هەیە

سعوودیە هاتوچۆ لەگەڵ 14 دەوڵەت قەدەغە دەکات کە عێراق یەکێکیانە

خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

دوای دەرکەوتنی نزیکەی 200 حاڵەتی تووشبوون بەڤایرۆسی کۆرۆنا کە زۆربەیان شیعە مەزهەبن و لە ئێران گەڕاونەتەوە حکوومەتی سعوودیە چەند بڕیارێکی دا کە هەندێکیان کەمۆنەیە لە میژووی ئەو وڵاتەدا.
ئاژانسی هەواڵی ڕەسمی سعوودیە لەسەر زاری محەممەد عەبدولعالی وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی سعوودیە بڵاوی کردۆتەوە کەوا حکوومەتی ریاز بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی لەتووشبوون بەڤایرۆسی کۆرۆنا بڕیاریداوە هاتوچۆی هاووڵاتیان و ئەو هاووڵاتیانەش کە نیشتەجێی وڵاتی سعوودیەن بۆ 14 دەوڵەت قەدەغەبکات، کە بریتین لە (ئیمارات، کوێت، بەحرەین، لوبنان، سووریا، کۆریای باشوور، میسر، ئیتاڵیا، عێراق، عومان،تورکیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا و ئیسپانیا) ئەم بڕیارە شدوای ئەوە دێت کە پێشتر حکوومەتی سعوودیە هاتوچۆی لەگەڵ وڵاتی چین قەدەغەکردبوو.
وتەبێژەکەی وەزارەتی تەندروستی سعوودیە ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە تا ئێستا 11 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کورونا لەسعوودیە تۆمار کراوە کە حەوتیان لە سەفەری ئێران گەڕاونەتەوە و حاڵی حازر 600 کەسیش لەژێر پشکنین و کەرەنتینەدان بۆ دڵنیابوون لەسەلامەتیان.
بەپێی هەواڵەکەی ئاژانسە فەرمیەکەی سعوودیە ئەم بڕیارە بە شێوەیەکی کاتییە، بەڵام هیچ وادەیەکیشی دیاری نەکردووە و ئەوەش وا پێشان دەدات بڕیارەکە هەتا کاتێکی نادیار بێت تا ئەو کاتەی دڵنیا دەبێت لە کۆنترۆڵکردنی ئەم ڤایرۆسە و کەمبوونەوەی ئاسەوارەکانی لەسەر خەڵکی سعوودیە.
لەبڕیارێکی کەموێنەشدا و بۆ هەمان مەبەست حکوومەتی سعوودیە بڕیاری قەدەغەکردنی چوونە دەرەوە و سەفەرکردنی لە سەرجەم دانیشتوانی ناوچەی قەتیف داوە کە نزیکەی 525 هەزار کەس تێیدا دەژی و زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووانەکەی شیعەمەزهەبن و هاتوچۆی ئێران و عێراق و لوبنان و سووریا دەکەن. لەمبارەیەوە سەرچاوە تەندروستییەکانی سعوودیە تەئکید دەکەنەوە کەوا زۆربەی حاڵەتەکانی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناوچەی قەتیف ی شیعە مەزهەبە و بڕیارەکە بۆ پاراستنی گیانی سەرجەم دانیشتوانی سعوودیەیە.
هەندێ ناوەندی ئاگادار لە حکوومەتی سعوودیە باس لەوە دەکەن کە ئەگەر لەم 3 مانگەی داهاتوو کۆنترۆڵی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەکرێت ئەوا ڕەنگە بۆ وەرزی حەجی ئەمساڵ موسڵمانانی ئەو دەوڵەتانەی کە قەدەغەی هاتوچۆیان لەگەڵدا کراوە لەئەداکردنی فەریزەی حەج بێبەش بکرێن. بەڵام هێشتا هیچ سەرچاوەیەکی ڕەسمی لە سعوودیە ئەم ئەگەرەی پشتڕاست نەکردۆتەوە.



پسپۆڕێکی کەرتی نەوت: دابەزینی نرخی نەوت کاتییە و دەگاتەوە سەرووی پەنجا دۆلار



دوێنێ نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕووی لە دابەزین کرد و نرخی یەک بەرمیل نەوتی بڕێنت گەیشتە 32 دۆلار، پسپۆڕێکی کەرتی نەوتیش پێی وایە، دابەزینەکە کاتییە و نرخی نەوت دەگاتەوە سەرووی پەنجا دۆلار. لەم بارەیەوە دکتۆر سیروان عارەب، پسپۆڕی کەرتی نەوت، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دابەزینی نەوت زیانی بۆ ئەو وڵاتانە هەیە کە بەرهەمهێنەری نەوتن، بە تایبەتی هەندێ وڵاتی وەک عێراق زیاتر لە 85٪ی داهاتی لە کەرتی نەوتە، ئەوەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی قەیرانێکی ئابووریی لەناکاو، کە پێشتر خۆی بۆ ئامادە نەکردووە، ئەوەی ئێستاش دەبیندرێت دوو ناوچەی بەکاربەری نەوت لە جیهان بە هۆی کۆرۆناوە کارگەکانیان داخستووە، کە ئەوانیش چین و ڕۆژئاوای ئەورووپان، لەبەر ئەوە سوودی بۆ وڵاتانی بەکاربەریش نابێت.
ئەو پسپۆڕەی کەرتی نەوت ئەوەش گوتووە: دابەزینی نرخی نەوت لە ئێستادا بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، ئەویش شەڕی ئابووریی نێوان سعوودیە و ڕووسیا و وڵاتانی ئەندام و دەرەوەی ئۆپێک، هەروەها بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناش کاریگەری لەسەر کەرتی نەوت هەبووە.
ڕوونیشی کردۆتەوە: بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا گرفتێکی کاتییە و تێدەپەڕێت، وڵاتانی بەکاربەری نەوتیش جارێکی دیکە پێویستیان بە نەوت دەبێتەوە و پێشبینی دەکرێت لە چەند مانگی داهاتوودا نرخی نەوت بەرز ببێتەوە و لە سەرووی پەنجا دۆلار جێگیر دەبێت.



ئێران.. تەنها لە پارێزگای گەیلان زیاتر لە 200 کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە

بەڕێوەبەری تەندروستی پارێزگای گەیلان لە ئێران موحەممەد حوسێن قوربانی ڕایگەیاند تەنها لە پارێزگاکەیاندا بەهۆی جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-19)زیاتر لە 200 کەس گیانیان لە دەستداوە.

بەگوێرەی هەواڵی ماڵپەڕی Gilkhabarی ئێرانی، بەڕێوەبەری تەندروستی گەیلان، لە گوتارێکیدا لە کۆبوونەوەی نائاسایی لیژنەی تەندروستی، زانیاری ئەوەی داوە کە "لە پارێزگای گەیلان، زیاتر لە 200 کەس بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 900 کەسیش تووشبووی ڤایرۆسەکەن".

قوربانی، ئاماژەی بەوە کرد کە لە شاری قوم نەخۆشخانەیەکی 500 قەرەوێلەییان بۆ تووشبووانی ڤایرۆسەکە دابینکردووە و لە وەزارەتی تەندروستی ئێران، کیانووش جیهانپور، ئەمڕۆ ڕایگەیاند کە تاکو ئێستا لە سەرتاسەری ئێران بە هۆی کۆرۆناوە 194 کەس گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی حاڵەتەکان بۆ شەش هەزار و 566 تووشبوو بەرزبووەتەوە.

نەخۆشخانەی گەیلان بەسەر نەخۆشخانەی جیجیادا دابەشکراون.

قوربانی، دووپاتی لەوەش کردەوە کە ژێرخانی پێویست لە پارێزگای گەیلان نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆڤید-19 لەلای خۆیەوە بەرپرسی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئێران، 53 لە کۆریای باشوور، 22 لە ئەمەریکا، 19 لە فەرەنسا، 17 لە ئیسپانیا، 14 لە ژاپۆن، شەش لە عێراق، سێ لە ئوسترالیا، سێ لە بەریتانیا، سێ لە هۆڵەندا، دوو لە سویسرا و لە هەریەکە لە میسر، سان مارینۆ، تایلاند، تایوان، فلیپین و ئەرجەنتین کەسێک گیانی لەدەستداوە.

تا ئێستاش، 80 هەزار و 738 حاڵەتی تووشبوون لە چین، 115 حاڵەت لە هۆنگ کۆنگ، 10 حاڵەت لە هەرێمی ماکاو و 45 حاڵەتیش لە تایوان تۆمارکراون.



لە جیهاندا زیاتر لە 110 هەزار کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون

تا ئێستا 3831 کەس گیانیان لەدەستداوە و 62 هەزار و 302 کەسیش چاکبوونەتەوە

ڤایرۆسی کۆرۆنا سەرەتا لە شاری وهان ڕۆژهەڵاتی چین دۆزرایەوە و لە ماوەیەکی کەمدا، بە جیهاندا بڵاوبووەوە. ماڵپەڕی وۆڵدۆمێتەر بڵاویکردووەتەوە کە بەپێی دوایین ئاماری وڵاتانی جیهان لەبارەی کۆرۆناوە، تووشبوانی ئەو ڤایرۆسە 110 هەزار کەسی تێپەڕاندووە.

هەروەها سێ هەزار و 831 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و 62 هەزار و 302 کەسیش چاکبوونەتەوە.

ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە، سێ هەزار و 120 کەسیان لە چین، سێ لە هۆنگ کۆنگ، 366 لە ئیتاڵیا، 194 لە ئێران، 53 لە کۆریای باشوور، 22 لە ئەمەریکا، 19 لە فەرەنسا، 17 لە ئیسپانیا، 14 لە ژاپۆن، شەش لە عێراق، سێ لە ئوسترالیا، سێ لە بەریتانیا، سێ لە هۆڵەندا، دوو لە سویسرا و لە هەریەکە لە میسر، سان مارینۆ، تایلاند، تایوان، فلیپین و ئەرجەنتین کەسێک گیانی لەدەستداوە.

تا ئێستاش، 80 هەزار و 738 حاڵەتی تووشبوون لە چین، 115 حاڵەت لە هۆنگ کۆنگ، 10 حاڵەت لە هەرێمی ماکاو و 45 حاڵەتیش لە تایوان تۆمارکراون.



ئێران.. بەهۆی کۆرۆناوە مۆڵەتی چوونە ماڵەوە دەدرێت بە 70 هەزار بەندکراو

سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری ئێران، ئیبراهیم ڕەیسی ئاماژەی بەوە کرد کە لەچوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا، مۆڵەتی چوونە ماڵەوە دەدرێت بە 70 هەزار بەندکراو. ماڵپەڕی "mizanonline"ی سەربە دەسەڵاتی دادوەری ئێران بڵاویکردەوە، ئیبراهیم ڕەیسی لەمیانی گوتارێکیدا کە لە کۆبوونەوەی شورای بالای دەسەڵاتی دادوەریدا پێشکەشی کردووە، بەو مەرجەی زیان بە ئاسایشی کۆمەڵگا نەگەیەنن، فەرمانی کردووە مۆڵەتی چوونە ماڵەوە بدرێت بە 70 هەزار بەندی کە ئەو نەخۆشییانەیان لەگەڵە کە زەمینە ساز دەکەن بۆ جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا. ئیبراهیم ڕەیسی داوای کردووە کاروبارە فەرمییەکانی ئەو بەندیانە بەخێرایی جێبەجێ بکرێت، بەڵام هیچ وردەکارییەکی نەخستووەتەڕوو لەبارەی مەرجەکانی مۆڵەتەکە. جێی باسە لە ئێران پەتای جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە بەخێرایی تەشەنەی سەندووە، بابەتی مەترسی لەسەر بەندکراوان هێناوەتە ئاراوە.

سعوودیە و قەتەر بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە پڕۆسەی خوێندنیان هەڵپەسارد



حکوومەتی قەتەر ڕایگەیاند کە لەچوارچێوەی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، پڕۆسەی خوێندن تا کاتێکی نادیار لە قوتابخانە، زانکۆ و پەیمانگا گشتی و تایبەتەکان لە سەرتاسەری ئەو وڵاتە هەڵپەسێردراوە. لەبارەوە نووسینگەی پەیوەندییەکان لە حکوومەتی قەتەر ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە وەزارەتی تەندروستی هانی هاووڵاتیان و ئەو بیانییانەی کە لە قەتەر دەژین خۆیان لە گردبوونەوەکان بەدوور بگرن و ڕوو لە شوێنە گشییەکان نەکەن.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا داوا کراوە کە لەئێستادا ئەگەر پێویست نەبێت واباشترە هیچ کەسێک لە قەتەرەوە گەشت نەکات بۆ وڵاتانی دیکە، هەورەها داواش کراوە هەموان ڕێنمایە تەندروستییەکان بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا جێبەجێ بکەن. لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو لەچوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنانەی کە بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیراونەتەبەر، بڕیاردرا پڕۆسەی خوێندن تا کاتێکی نادیار لە قوتابخانە، زانکۆ و پەیمانگا گشتی و تایبەتەکان لە سەرتاسەری ئەو قەتەر هەڵپەسێردرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی فێرکردنی سعوودیە ڕایگەیاند کە، لە چوارچێوەی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، پڕۆسەی خوێندن تا کاتێکی نادیار لە سەرتاسەری ئەو وڵاتە هەڵپەسێردراوە. لەوبارەوە ئاژانسی هەواڵیی فەرمی سعوودیە بڵاویکردەوە، ئەو بڕیارە قوتابخانە، زانکۆ و پەیمانگا گشتی و تایبەتەکان لە سەرتاسەری سعوودیە دەگرێتەوە کە تا کاتێکی نادیار بەردەوام دەبێت.

جەختیش کراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە لە چوارچێوەی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا پڕۆسەی خوێندن لە سعوودیە هەڵپەسێردرێت، بەڵام هەرجۆرێک بێت ئێمە هەوڵ دەدەین لەگەڵ هاوڕێکانمان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و هاوشێوەکانی لە وڵاتانی دیکە، بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاری یەکتر بکەین و ئەو کێشانە چارەسەر بکەین کە ڕووبەڕووی خوێندکارانی دەبنەوە.

ڕێنماییەکانی تەندروستی بن بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا. ئاماژە بەوەش کراوە کە هەر کاتێک لێژنەی پەیوەندیدار بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڕیار بدات، ئەو کات دەست دەکرێتەوە بە پڕۆسەی خوێندن لە سعوودیە.

جلوبەرگی کوردی تا مردن ڕەمزە بۆ کورد



ئەحمەد فازڵ

جلی کوردی وەک ڕەمزێکی کوردەواری، کوردانی هەر چوار پارچە بۆ بۆنەکان وەکو شانازییەک بۆ کلتوور و بوونی کورد ئەنجامی دەدەن، کە دەبێت هۆی گەڕانەوە بۆ دنیای ڕابردوو، کە لە باوباپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، تا ئێستاش و تا کۆتایی دنیا ئەم ڕەمزە بەکاردەهێنرێت.

بەپێی بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی 10ی مانگی ئازاری هەموو ساڵێک بە ڕۆژی جلی کوردی دیاری کراوە. هەرنەتەوەیەک خاوەنی میژوو کلتووری تایبەتی خۆیەتی، جلوبەرگی کوردی چ ژنانە و چ پیاوانەی بەپێی ناوچەکانی کوردستان ناویان بۆ هەڵبژێردراوە بۆنە تایبەتەکان و جەژنە نەتەوەیی و ئایینیەکان و لەنێوان پیشەکاران و چالاکانی بواری جلوبەرگ ئەم پرسە گرنگ بێت و ئاوڕدانەوەی تایبەتیان لەسەر هەبێت.لەوەرزی بەهاروبۆنە تەوایەتیەکان سروشت ئاڵ و والآ دەبێت و ژنان و پیاوان بە پۆشینی ئەم جلانە ڕۆژەکان تێپەڕدەکەن،لە ئێستاشدا چەندین جۆروشێوازی جل وبەرگ هەیە کە هەریەکەیان لەلای پۆشەرەکە جێی بایەخ وسەرنجە، بەڵام ئەوەی دەچێتە چوارچێوەی پاراستنی مۆرکە کلتووری نەتەوەییەکە ئەرکی هەمووانە.

بۆ ئەم مەبەستە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ چەند کەسێکدا ئەنجامداوە و لێرەدا ڕاوبۆچوونیان دەخەینەڕوو.

سەعد نوری/بەرگدرووی پیاوانە ئەم کارە لە باوکیەوە بۆ مایەتەوە دەڵێت: هەمیشەوابوە و لە ئێستاشدا دووربینی جلی کوردی بەپێی خواستی کەسەکانە ئەوان شێوازی هەڵبژاردنی مۆدێلەکان بە ئێمە دەڵێن و ئێمەش لەسەرخواستی ئەوان بۆیان دەدورین و هەندی جاریش دوای تازەترین مۆدێل لەئێمە دەکرێت، بەڵام هەرجۆرێک بێت ئێمە هەوڵ دەدەین لەوە شێوازە کوردەواریەی کە هەیە لانەدەین خۆشبەختانە زۆربەی پیاوان داوای شێوازی کۆنی جاران دەکەن هەندی شێوازی دیکەش، دوربینی جلەکان بەپێی کات و بۆنەکان دەگۆڕیت ئەوجلەی بۆ ئاهەنگێکی تایبەت دەدورێت جیاوازە لە بۆنەو مەراسیمیکی تر بەڵام لە ئێستادا بەهۆی ئەم بارودۆخەوە کەمترکاری دوربینی جل و بەرگ دەکرێت ئەوەی جاران زیاتر لە دەستەجلیکی دەکرد ئێستا دەستێک یاخود هەشە ئەوەشی بۆ ناکرێت. ئێستا گەنجان حەز بەپۆشینی ڕەنگە تۆخەکان دەکەن.



سەعد نوری



ڕێباز تەها

هەروەها لەڕووی مودیل و دیزانی جلی کوردی ڕێباز تەها وەک کەنجێک پێی وایە بەجلی کوردیەوە شۆخ و شەنگی دەردەکەوێت ئەو دەڵێت: جاران باب و پاپیرانی و دایک و داپیرمان ئێمە ئەو هەموو کارەی ناومالمان دەکردو منداڵمان پەروەردە دەکرد و هەر بەجلی کوردیەوە دەچووین کاری دەشت و ئاژەڵداری ئاومان لەکاریزوکانی دەهێنا ،بەڵام لەگەڵ گۆڕانی سەردەمدا ئەمانە کاڵ بوونەتەوە ماوەتەوە ئەوەی تەنها لەبۆنەکاندا جلی کوردی لەبەربکرێت بەڵام ئەمەش وەک پێویست نیە.

ڕێباز تەها ئاماژە بەوەدەکات کەجلی کوردی ئێستای پیاوان گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە ولەڕسەنایەتی دەرچووە، بۆیە دەڵێت: لەگەڵ گۆڕانی سەردەم و هاتنی تەکنەلۆژیا داب ونەریتەکانیش گۆڕان بەڵام ئەوەی ئێستا دەکرێت دیزاین و جوانکاری نیە من بەشێواندی جلی کوردی دادەنێم ئەمانەی ئێستا وەک عەزی وجۆردجلێکی لێهاتووە کەلەگەڵ سەردەمی باب و پیران ئێمەدا زۆرجیاوازە بۆیە پێویستە دایکان و باوکان لەمندالیەوە پەروەردەیەکی وەها بدەن بەمنالەکانیان کە مۆرکی کوردەواری و داب ونەریتەکان بپارێزن.



ڕاپەڕین مۆڵکی جەماوەرە



فارس قادر فەتێ عەبدوڵڵا*

ئەمساڵ دەبێت بە 29 ساڵ لە یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991ی کوردستانی باشوور ساڵانە ئەم یادە دەکرێتەوە و لەسەری دەنووسرێ، ئەم باس و نووسینانە لایەنی چاک و خراپی هەیە، لایەنە چاکەکەی ئەوەیە کەسانێک زۆر بە واقیعبینانەو ڕاستگۆیانە ئەم بابەتە باس دەکەن و شرۆڤەی دەکەن و ڕووداوەکان بە ئەمانەتەوە دەنووسن کە ئەمەیان مایەی ڕێز و خۆشحاڵییە، بەڵام بەشێکی تریان زۆر بەبێ بنەماو ناڕاستگۆیی وەک سیناریۆ دایدەڕێژن و ڕۆڵی ئەکتەرەکان نیشان دەدەن و دەچنە نێو دونیای خەیاڵ و ململانێی سیاسی و پاوانکردنی خەباتی کەسانی تر یان پارتەکانی تر بۆ مەدح و سەنای خۆبان، یان لایەنێکی سیاسی دیار و مەبەست وەک ئەوە گەندەڵیانەی کە لەسەر زەوی و زار و مووڵک و سامانی نیشتیمان دەکرێ و کراوە.

بەڵێ ئەو بابەتەش شێواندنی ڕابردوو و خەباتی کەسانێکی تەرە و سڕینەوەی ماندووبوون و خەباتی چینی هەژار و ڕاپەڕیوی میللەتی کوردە. کاتێک ئەم بابەتە دەشێوێنن خەباتی گەلی کورد دەشێوێنن و خوێنی شەهیدان دەشێوێنن، گەلی کورد هەمووی دەیزانێت کەوا دەروازەی ڕاپەڕین شاری ڕانیەی خۆشەویست بوو لە 1991/3/5 یەکەم تەقەی ڕاپەڕین لەم شارە دەستیپێکرد و بۆ هەموو کوردیش شانازییە، چونکە ڕانیە بەشێکی کوردستانە و شارێکی کوردییەو ئەم شەرەفەی بە ڕانیە دراوە هەر لە ڕانیە تا دوا ناوچە لە کوردستان هەق نییە کەس حەق بە خۆی بدات و پاوانی بکات، چونکە ڕاپەڕینەکە جەماوەری بووەو هێزی پێشمەرگەش بەشێک بووە لەو جەماوەرە و حزبیش بەشێکی تر بووە لە جەستەی ئەم پێشمەرگەیە کە ڕۆڵەی ئەو جەماوەرەن. بۆیە ئەوەی دەکرێ و باس دەکرێ فلان حزب هەر خۆی بوو بە تەنها، ئەوە بە بۆچوونی من تەنها بچوککردنەوەی دەستکەوتە جەماوەریەکانە بۆ مەبەستی حزبی و بیروبۆچوونی تاکڕەوی. بەڵێ ئەم دەستکەوتە گەورانە لە میژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی زۆرجار کەسانێک لەکاتی ئیفلاسبوون و بێهێزبوونیان وەک سەروەت و سامانی مااڵ باوک هەموو شتێک بەهی خۆی دەزانێ بۆ بەرژەوەندی خۆی هەموو شتێک دەخاتە لاوە کاتێک هیچی پێ نامێنێ ڕۆژێک زەوی باوکی دەفرۆشی و ڕۆژێک تفەنگەکەی و ڕۆژێک ئەسپەکەی دەداتە دەست دوژمن پێی دەڵێت قوربان شایەنی تۆیە!!

بەڵێ ڕاپەڕین سەروەت و سامانی گەلی کورد دەبا وەک خۆی باسی بکەین و کاری لە گەڵدا بکەین و ئەوانەی کە ئەم کارەش دەکەن زۆرباش دەزانن بەر لە ڕاپەڕین بەرەی کوردستانی لە ئەجێندای خۆی ئەو ئەگەرەی دانابوو کە ئەم ڕۆژە نزیکە و لە چاوەڕوانییە، بەڵام نەدەزاندرا کەوا لە 1991/3/5 چونکە تاکلایەنانە نەبوو هەر حزبەکان بڕیار بدەن، بەڵکو جەماوەر بوو هەڵسایە سەر پێ و جەماوەر بوو بە پێشمەرگەی گوت فەرموون وەرنەوە، بەڵام پێشمەرگەش وەک ڕۆڵەی ئەم گەلە دانەبڕابوو کە هەردەم بەشێک بوو لەو جەماوەرە، بۆیە جەماوەر پێشڕەوی پێدان کە بە تاکە نوێنەری گەلی دەزانی وەک "بەرەی کوردستانی". بەڵێ هەر ئەم هێزە جەماوەرییە بوو کە سەدان هەزار چەکداری ڕژێمیشی هێنا ناو ڕاپەڕینەکەو ڕاپەڕینەکە بوو بە سەرتاسەری... بەڵێ لە یەک چرکە پێشمەرگەو چەکدار و سەرلێشێوان و بێ ئاگایان لە گەل و نیشتیمان و ئەوانەی بەربەست هەبوو لە ڕێگایان هەموو بوون بە پێشمەرگە، بەڵێ لە یەک بوو بە سەد و لە سەد بوون بە هەزاران، بۆیە دەبێ ئەم بابەتەش وەک بابەتەکانی بازرگانی و ململانێی سیاسی و مەدحی ناو دیوەخان و خۆهەڵکێشانی پەنا دیوارانی لێ نەکرێ.


ئەم بابەتە دەبێ وەک خۆی بنووسرێ و بگوترێ و تۆماربکرێ... ڕاپەڕین ڕاپەڕینی کوردە و جەماوەر خاوەنی ڕاپەڕینە و ئەوەی لەو جەماوەرەیە ئەویش پێشمەرگەیە، ئەوەی گەورەترە لە جەماوەر بچووکترە لەوەی ببێت بە خاوەنی ڕاپەڕین.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتیزگای هەولێر (پ.د.ک)**

سوپاس و پێزانین

سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین، کە لە ڕێگەی ڕێزدار سیداد بارزانی پرسەو سەرەخۆشیی بەتەلەفۆن پێ ڕاگەیاندین و سوپاسی سەرۆکی حکوومەت بەڕێز مەسرور بارزانی دەکەین کە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە هاوخەمی بۆ نواندین، سوپاسی سکرتێری مەکتەبی سیاسی کاک فازڵ میرانی دەکەین کە هاوسۆزی نواند. سوپاسی بەڕێز موحسین دزەیی دەکەین کە بەتەلەفۆن سەرەخۆشی لێکردین، سوپاسی بەڕێز کاک مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شاندی یاوەری لە ئەندامانی دەزگا دەکەین کە بۆ پرسە و سەرەخۆشی سەردانیان کردین، سوپاسی هاوکارانمان لە ڕۆژنامەی خەبات دەکەین کە بەشداریی مەڕاسیمی بەخاکسپاردنیان کرد و هاوخەمان بوون، هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەتەلەفۆن پەیامی پرسە و سەرەخۆشییان بەبۆنەی کۆچی دوایی (زەکیە مەلا عەبدوڵڵا)ی خوشکمان دایکی دکتۆر خالید سالح پێڕاگەیاندین وهاوخەمان بوون، لەخوای گەورە داواکارین پاداشتی هەموو لایەک بداتەوە.

سەلام عەبدوڵڵا و خالید سالح
لە جیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو زەکیە مەلا عەبدوڵڵا



شەنگە هاوار کاکەیی*

سەرۆک بارزانی و نیلسۆن مانديلا


دکتۆرانامەی فەخری ناونیشانێکی تەکریمی بەخشندەییە بەاڵم !ناونیشانی زانستی نییە کە لە ناوەندە ئەکادیمیستییەکانی ماریفەتدا بە لەقەبی عیلمی دەناسرێت و دەبەخشرێتە سەرۆک و کەسایەتییە بەهێزەکانی جیهان. لەم مینبەردا گەورە سەرۆکانی وڵاتان لە ڕۆژئاواو و ڕۆژهەاڵت ئەم شەرەفەیان پێ بەخشراوە، وەکو باراک ئۆباما، دۆناڵد ترەمپ، موعەمەر قەزافی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی و لەعێراقیش موقتەدا سەدر و ...هتد، هەروەها دەبەخشرێتە زۆر کەسایەتیش کەوا لەناو جەماوەردا خۆشەویستن، وەکو بێژەری بەناوبانگی ئەمەریکی ئۆپرا.

دیارە ئەم دیاردە تەندروستە عێراق و هەرێمی کوردستانیشی لێ بەدەرنەبووەو لەلایەن زانکۆکانەوە ئەم ڕێزەوە مەعریفییە هاوچەشنەی زانکۆکانی جیهان هاتە بەر باس و سااڵنە کۆمەاڵێک کەسایەتی دیار ئەم شەرەفەیان پێ دەبەخشن، وەکو پاڵنەرێکی مەعنەوەی و پێزانینێک بۆ ئەو ئەرک و ماندووبوونانەی کەوا نواندوویانەو ئاسەواری دەست و جێی پەنجەیان دیارە. لەوانە هونەرمەند مەزهەری خالقی و دکتۆر موستەفا زەڵمی و بیرمەندی کورد کۆچەر ببیرکار. هەرچەندە هەوڵ دراوە لەلایەن بەشێک لە ڕێکخراوەکان وەکو ڕێکخراوی فورات بۆ ئاشتیی جیهانی ئەم ڕێزەوە مەعریفیە بشێوێنن کە هەڵسان بەبەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری وەکو نوقڵ و چوکلێت بۆ چەند کەسایەتییەک کە دەبوایە ئەو کەسایەتیانە ئاستی هۆشیاریان زۆر لەوە بەرزتر بوایە کەوا قەبوڵی بکەن، چونکە ئەم شەرەفە بۆ کاریزماو ئەو کەسایەتیانەن کەوا کاریگەرن و گۆڕانکاری کۆمەاڵیەتی گەورەیان دروست کردووە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، وەکو سەرۆک ماندێاڵ کە لە ساڵی 1992 لەلایەن زانکۆی تورکی خەاڵتی پێ بەخشراو ڕەتیکردەوەو فەرمووی من وەرینագرم، چونکە کورد لەژێر دەستی تورکیا دەچەوسێندرێتەوە. نیلسۆن ماندێاڵا ئەو سەرکردە خۆشەویستە کە تا دواساتەکانی لەپێناو ئاشتی و مرۆڤ و وەلانانی جیاوازی لە نێوان نەتەوەکان تێکۆشاوە، دکتۆرای ئۆردوگانی ڕەتکردەوە چونکە وڵاتێکی چەوسێنەرە. هەروەها لە ساڵی 1993 خەاڵتی نۆبڵی جیهانی پێبەخشراوە و لەماوەی چل ساڵ تەمەنی 250 خەاڵتی نێودەوڵەتی و نێودەوڵەتی وەرگرتووەو بەخشینی دکتۆرانامەی تورکی ڕەتکردەوە، ئەم هەڵوێستە سیاسییەی کەوا هاوسۆزە لەپرسی ئینسانی بوون و تەکامولی کاریزمای سەرۆک مەسعود بارزانی کاتێک زانکۆیەکی ئێرە دکتۆرانامەی پێ بەخشی، لە وەاڵمدا فەرمووی کەوا شانازی دەکەم ئەگەر قەبوڵم بکەن بەپاسەوانێک لەدەرگای حەرەمی زانکۆکەتان بەاڵم بەخشینی دکتۆرانامەکەتان ڕەتدەکەمەوە، چونکە من یەک موحازەرەم لەم زانکۆیە نەخوێندووە، ئەم بەخشینە هەم بۆ کەسایەتی من هەم بۆ ناونیشانی زانکۆکەتان باش نییە.

لە ڕاستیدا هەرچەندە سەرۆک بارزانی شایستەی ئەو بەخشینەیە، چونکە ئەم هەرێمە لەسەر دەستی سیاسەتی حەکیمانەی بە دەیان گۆڕانکاری نەوعی ڕووی داوە، بەاڵم خاکیەت و تەوازوعی جەنابی سەرۆک بارزانی لەمپەر بووە بۆ وەرگرتنی ئەم مافە و ئەوە ئەو مەسجەیە کەوا پێمان دەڵێ هیچ ناونیشانێکی زانستی بەخۆڕایی لەدایک نابێ و نابێ وەکو نوقاڵنە ببەخشرێت دابەش بکرێ، چونکە تەنها ئەکادیمیستەکان دەزانن ئەو ڕێگایە چەند سەختە و ئەو پێوەرانەی کەوا دانراوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ماریفی و ناونیشانی زانستی چەند دژوارەو چەن لەتەمەنت دەڕوا و ڕێگایەکی دوورودرێژەو بەشەو و ڕۆژێک هەرگیز نایەتە دی، بگرە بەکۆشش و ماندووبوونێکی زۆر ئامانجی دەپێکێ، وێڕای شایستەبوونیشی، پێمان دەڵێ ستۆپ... پەلە مەکەن و تیشکی هەتاو بە بێژنگ ناگیرێ... پیرۆزە لە مرۆڤایەتی، پیرۆزە لە گەلی کورد دکتۆری دیبلۆماسیەت و حیکمەتی کوردی.

*** ماستەر لەپاسای گشتی - زانکۆی حیکمە بەیروت**

عێراق.. لە خۆپیشاندانەکانی بەغدا سێ خۆپیشاندەر کوژران و 44ی دیکەش برینداربوون



کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاند کە لە ئاکامی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا لە گۆڕەپانی خەاڵنی ناوەڕاستی بەغدا، سێ خۆپیشاندەر کوژران و 44ی دیکەش بریندارببوون.

لەوبارەوە ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، فازڵ غەڕاوی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەوەی خستووەتەڕوو کە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا لە گۆڕەپانی خەاڵنی ڕوویدابوو. فازڵ غەڕاوی باسی لەوەش کردووە کە لەمیانی ڕووبەڕووبوونەوەکەدا، سێ خۆپیشاندەر کوژراون و 44ی دیکەش بریندارببوون.

جێی باسە ماوەی چەند هەفتەیەکە لەمیانی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت و پارتە دەسەاڵتدارەکان، ناوە ناوە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی خەاڵنی لە ناوەڕاستی بەغدا ڕووەدات. هێزە ئەمنییەکانیش هەوڵدەدەن بە گازی فرمێسکڕێژ و گوللەی پلاستیک و ڕاستەقینە بااڵوە بەخۆپیشاندەران بکەن، بەاڵم لە بەرامبەردا خۆپیشاندەران هێزە ئەمنییەکان بەرد باران دەکەن.

ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی فەرمیی حکوومەتی عێراق ڕفێندرا

ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی (سەباح)ی فەرمیی حکوومەتی عێراق لە بەغدای پایتەختی وڵاتەکەی، ڕفێندرا. بەپێی زانیارییەکان، دوێنێ دووشەمە 2020/3/9 تۆفیق تەمیمی، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی سەباح لە گەڕەکی ئور لە ڕۆژهەاڵتی بەغدا، ڕفێندراوە. لەو کاتە ویستوویەتی بچێتە سەر کارەکەی، لە ڕێگا لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە، ڕفێندراوە. بەهۆی ناکارایی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی عێراق، دەیان گرووپ و میلیشیای چەکداریی توندڕەو، تاوانکاری و تیرۆریستی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی ئەو وڵاتە باڵاو بوونەتەوە، کە بە ئارەزووی خۆیان و بەپێی بەرژەوەندیی ئەو لایەنەی کاری بۆ دەکەن، کردەی تاوانکاری و تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

کۆریای باکوور مووشەکێکی نوێی تاقیکردەوە

ئاژانسی هەواڵیی یۆنهاپ باڵاویکردەوە، سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای کۆریای باشوور لە ڕاگەیەنراوێکدا ئەوەی ئاشکراکردووە کە کۆریای باکوور لە نزیک ناوچەی سۆندۆک سەربە ویلایەتی هامگیۆنگی باشوور، سێ مووشەکی کورت مەودای تاقیکردووتەوە کە تا نزیکەی 50 کیلۆمەتر بەرزبوونەتەوە و مەودای 200 کیلۆمەتریان بڕیوە.

لە ڕوونکردنەوەکەدا باس لەوەکراوە کە گومان دەکرێت تاقیکردنەوەکە بەشێک بێت لە مانۆڕی سیستمێک بۆ ئاراستەکردنی ژمارەیەک زۆری مووشەک.

لەبارەی جۆری مووشەکەکانەوە هیچ زانیارییەک نەخراوەتەڕوو، بەاڵم جەخت لەوە کراوەتەوە کە لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشەکە دەکرێت. جێی باسە لە دووی ئەم مانگەدا، کۆریای باکوور لە شاری وۆنسان ڕۆژهەاڵتی ئەو وڵاتە، دوو مووشەکی دیکەی تاقی کردبووەوە.

میلیشیاکانی سەرایا سەلام زیارەتکارانی ئێرانی بە قاچاغ دەگوازنەوە عێراق

سەرەڕای باڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە ئێران، چەکدارانی سەر بە ڕەوتی سەدر زیارەتکارانی شیعەی ئێرانی بە قاچاغ دەگەیەننە مەزارەکانی عێراق و لەمبارەیەشەوە ڕوونکردنەوە دەدرێت.

موسەننا سامەڕائی، پەڕلەمانتاری پارێزگای سەاڵحەدین لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، چەکدارانی میلیشیای سەرایا سەلام، کە سەر بە موقتەدا سەدری ڕێبەری ڕەوتی سەدرن، زیارەتکارانی ئێرانی بە قاچاغ دەگوازنەوە شارۆچکەی سامەڕا بۆ زیارەتکردنی مەزارەکانی شیعە.

موسەننا سامەڕائی هەروەها ڕایگەیاندووە، ئەو ئێرانییانە هەوڵیان داوە بچنە سەر مەزارەکان، بەاڵم دەزگا ئەمنییەکان ڕێگایان پێ نەداون، دواتر چەکدارانی سەرایا سەاڵم لە بەرامبەر وەرگرتنی بڕێک پارە، بە قاچاغ ئەوانیان بردووەتە سەر مەزارەکە.

جێی باسە بۆ ڕێگرتن لە باڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا، حکوومەتی عێراق زۆرینەی شوێنە گشتییەکانی داخستووە و دەروازەکانیشی بەڕووی ئێران داخستووە. بەپێی دوایین ئامار، 47 کەس لە عێراق تووشی کۆرۆنا بوون و لە ئێرانیش ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە شەش هەزار و 566 کەس، کە لەو ژمارەیەدا، 194 کەس گیانیان لەدەست داوە.

کۆڕەری پاوەر 11/33 کی ڤی بەقەبارەی MVA16 بۆ وێستگەی نەسیج لە هەولێر دابین دەکرێت



دوێنێ لەڕێورەسمێکدا ئەندازیار کەمال محمد سالح وەزیری کارەبا لەگەڵ کۆمپانیای رۆشنا بە بەهای 278.550.000 دینار گرێبەستی کڕین و دانانی کۆڕەڕێکی پاوەر 11/33 کەی ڤی بەقەبارەی MVA16 بۆ وێستگەی نەسیج لەپارێزگای هەولێر واژووکرد. لەو ڕێورەسمەدا وەزیری کارەبا باسی لە گرنگی دابینکردنی ئەو کۆڕەڕەی بۆ وێستگەی نەسیج و دابەشکردنی کارەبا بۆ بەشێکی زۆری ناوچەو گەڕەکانی خواروو سەنتەری شاری هەولێر کرد، کە لۆد و پالّەپەستۆیەکی زۆری لەسەرەو بەهۆیەوە چەندین جار کۆڕەڕەکەی سووتاوە، داواشی لەکۆمپانیای ناوبراو کرد لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا کە 120ڕۆژە کۆڕەڕەکە دابین بکات. لەلایەن خۆشیەوە بەرپرسی کۆمپانیاکە سوپاسی وەزارەتی کارەبای کرد لەبەرامبەر ئەو کارئاسانی و هاوکارییانەی کە پێشکەشی کۆمپانیاکەی کراوەو بەڵێنی دا بەباشترین شێوازو بەکوالێتیەکی بەرز هەموو بڕگەکانی گرێبەستەکە جێبەجێ بکەن.

وەزارەتی پێشمەرگە:
بۆردومانکردنی مۆڵگە و بارەگاکانی داعش لە قەرەچوغ بەردەوامە



دوای ئەوەی ڕۆژی ڕابردوو هێزەکانی هاوپەیمانان بە هاوکاری پێشمەرگە هێرشێکی چڕی ئاسمانیان کردە سەر چەکدارو حەشارگەکانی داعش لە زنجیرە چیاکانی قەرەچووغ، دوێنێش فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان بەردەوام بوون لە بۆردومانی مۆڵگە و حەشارگەکانی داعش لە چیای قەرچوغی سنوری قەزای مەخمور.

ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە بڵاویکردەوە کە دوای بۆردومانی چەند ڕۆژەی چیای قەرەچوغ، دوێنێ دووشەمە 2020/3/9 جارێکی دیکە مۆڵگە و بارەگاکانی داعش لە چیای قەرەچوغ بۆردومان کرا . ڕاشیدەگەیەنن ، پێشبینی دەکرێت لە بۆردومانی ئەمجارە زیانێکی زۆر بە تیرۆرستانی داعش کەوتبێت بەلانی کەم چوار چەکداریان کوژراون و ژمارەی کوژراوانیان لەبەرز بوونەوەدایە.

دادگای هەولێر بڕیاری بەندکردنی بەڕێوەبەرێکی گشتی پێشووی هەولێری دا

لە ڕاگەیەندراوێکدا دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت ، لە بەروارى 2018/3/6 دادگای تاوانەکانی هەولێر/1 بڕیاری دا بە داخستنی داوای سزایی ژمارە /543ج/2017 و تایبەت بە تۆمەتباران لە وەزارەتی پێشمەرگە بەپێی یاسای لێبوردنی گشتی ژمارە 4ی ساڵی 2017 دوای تانە لێدانی دەستە لەبەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان/دەستەی سزایی 1 بڕیاریدا بە گێڕانەوەی ئەو دۆسیە بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری داخستنی کە لەلایەن دادگای تاوانەکانی هەولێر/1 دەرچوو بوو. دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ڕاشیدەگەیێنێت ، لە دریژەی یەکلاکردنەوەی ئەو کەیسانە کە لەلایەن فەرمانگەکەمان کاری لەسەر کراوە، دادگای کەتنی هەولێر بڕیاریدا بە بەندکردنی بەڕێوەبەرێکی گشتی پێشوو لە هەولێر بە یەک ساڵ ڕاگرتنی.

دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم پشکنین بۆ ژمارەیەک شوێن دەکات



شوێنی گەشتوگوزاری بکرێت."

لەبارەی پابەندبوونی بنکەکانی گەشتوگوزار بە ڕێنماییەکان، نادر ڕوستی ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی پابەند نەبوونیان بە ڕێنماییەکان 98 شوێن سزا دران، هەروەها نوێنەرانی گەشتوگوزار لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەکان بەشداری لە لێژنە گشتییە کارگێڕییەکان دەکەن و هاوکار و هەماهەنگن بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنماییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان."

گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری ڕاشیگەیاند کە گەڕان و پشکنین لەلایەن لێژنەکان بۆ ڕۆژانی داهاتوو بەردەوام دەبێت و شوێنە پێویستەکان بەسەردەکەنەوە.

گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، نادر ڕوستی ڕایگەیاند کە لەمیانی بەڕەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا، پشکنین بۆ ژمارەیەک شوێن کراوە و ژمارەیەک شوێنیش بەهۆی پابەند نەبوونیان بە ڕێنماییەکان سزا دراون.

نادر ڕوستی بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاند کە بە مەبەستی پاراستنی گیانی هاوواڵتیان لە مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، بڕیاردراوە چالاکییەکان ڕابگیرێن و گەشتە ئاساییەکان بوەستێنرێن و شوێنەکانی نیشتەجێبوون و ڕێنماییەکانی خۆپاراستن جێبەجێ بکرێن.

گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان گوتیشی: "بۆ بەدواداچوون و دڵنیابوون لە بنکەکانی گەشتوگوزار چەند لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی، هەولێر، سلێمانی، دهۆک و گەرمیان پێکهێنران و لە ماوەی ڕابردوودا، تواندرا پشکنین و بەدواداچوون بۆ هەزار و 130

بەبۆنەی 8 مارس وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پیرۆزبایی لە ئافرەتانی فەرمانبەر دەکات



بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان، د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێشوازی کرد لە کارمەندان و فەرمانبەرانی ئافرەت لەدیوانی وەزارەت. لەوتەکەیدا بەڕێزیان پیرۆزبایی خۆیی ئاراستەی سەرجەم ئافرەتانی جیهان و کوردستان کرد بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئافرەتانەوە، وێڕای دوپاتکردنەوەی پشتیوانی بۆ کارمەندان وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی هیوای سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ خواستن.

سۆران.. دوو پڕۆژەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی کارەبا جێبەجێ دەکرێت

ڕۆژی 2020/3/10 لە ژێر چاودێری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغە بۆ دوو پڕۆژەی بواری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی کارەبا دادەنرێت. سەرەتا لە وێستگەی 132 کەیڤی سۆران لەسەر ڕێگای سۆران ڕەواندز بەئامادەبوونی ئەندازیار کەمال محمد سالح وەزیری کارەبا و فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بەردی بناغە بۆ پڕۆژەی هێڵی 132 کەی ڤی و گۆڕینی تەلی نێوان (شەقلاوە- سۆران) و فراوانکردنی وێستگەی سۆران بەگوژمەی 6.700.050 دۆلار جێبەجێ دەکرێت.

دواتر هەر لەهەمان ڕۆژ بەردی بناغە بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان بۆ بەرهەمهێنانی 100 میگاواتی کارەبا لە ئاو (HIDRO +)بەشێوەی وەبەرهێنان لەلایەن هەردوو کۆمپانیای (ئاریان ئینەرستریت- ئوسترالی و strog oil)بەگوژمەی 250 ملیۆن دۆلار جێبەجێ دەکرێت.

ڕێکخراوێن NGO دێ هاریکاربن بو بەلاڤکرنا هشیاریا خو پاراستنێ ژ ڤایروسێ کرونا

خەبات ـ دهوک:

دوهی سپێدێ 2020/3/9 ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکارێ پارێزگەرێ دهوکێ بو کاروبارێن ئاوارە و پەنابەران ب ئامادەبونا ڕێڤەبەرێ ڕاگەهاندن و پەیوەندیان ل پارێزگەهێ کومبونەک دگەل بەرپرس و نونەرێن ڕێکخراوێن NGO ل سنورێ پارێزگەهێ ئەنجامدا.

هاریکارێ پارێزگەرێ دهوکێ بو کاروبارێن ئاوارە و پەنابەران رولێ ڕێکخراوێن NGO و هەڤکاریا وان دگەل هەر ڕێکخراوەک ل دوڤ تایبەتمەندیا خو بەردەوامیێ ب دەتە هشیارکرنا خەلکی ژ ڤایروسێ کورونا.

ژلایێ خوڤە ڕێڤەبەرێ ڕاگەهاندن وپەیوەندیان تەکەزکر کو دڤێت ڕێنما وبریارێن خو پاراستنێ نەبتنێ ل سەر ئاستێ باژێر و باژێرکان بهێنە بەلافکرن بەلکو ڕێکخراوێن NGO مل بملێ سازیێن حکومەتێ و یێن ساخلەمیێ ڕولێ خو ل ناڤ خەلکێ گوندا و کومەلگەهان ژی ببین وڕێنماییێن خو پاراستنێ بدەنە دیارکرن دا ئەوژی بهێنە پاراستن.

سازیێن پارێزگەهێ بو نەهێلانا قەیرانان بەرز نرخاندن و تەکەزکر کو بابەتێ خوپاراستن ژ ڤایروسێ کورنا زور یێ هەستیار وگرنگە ودڤێت ڕێکخراوێن NGO ژی گرنگیەکا باش بدەنێ و هەموو ڕێنما وبریارێن حکومەتا هەرێمێ وکارگێریا پارێزگەهێ و سازیێن تەندورستی بو وان تەخ و چینێن جڤاکی ئەوێن ئەو دناڤدا کاردکەت بو بەرچاڤکەن و هەموو لایەن پێگرییێ پێبکەن بو وێ یەکێ جڤاکێ مە وئاوارە و پەنابەر بهێنە پاراستن و خواست کو

دەشتی هەولێر.. دوو کافتریا داخران کە بە نهێنی کاریان دەکرد



خەبات ـ تریفە ئازاد

بۆ خۆپاراستن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لیژنەی قایمقایەتی پارێزگای هەولێر بڕیاری داخستی کافتریا و چەند شوێنکی دابوو بەڵام هەندێک لە شوێنەکان سەرپێچی بڕیارەکان دەکەن و بە نهێنی کار دەکەن. لە قەزای دەشتی هەولێریش تیمەکان بەردەوامن لە گەڕان بەسەر شوێنەکان ئیبراهیم شیخەڵا قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا بۆ پاراستنی گیانی هاوواڵتیان وەزارەتی ناخۆ و پارێزگای هەولێر بڕیاریاندا بە داخستنی چەند شوێنێکی گشتی لە گشت قەزاو ناحیەکان بەڵام بەداخەوە خەڵکانێک هەن سەرپێچی لە بڕیارەکان دەکەن یاخود بە شێوەیەکی نهێنی کار دەکەن، زانیاریمان دەست گەیشت کە چەند جێگایەک سەرپێچیان کردووە کاری خۆیان بە نهێنی دەکەن لیژنەکانمان توانیان لە قایمقامیەت و ئاسایش و پۆلیس دوو کافتریا دابخەین دەست بەسەر شتومەکەکانیان دابگرین و شوێنەکانیان دابخەین دواتریش لە لایەن لیژنەکە ئیجرائاتیان لەگەڵ دەکرێت.

سوپاسێکی بێ پایان

دیارە لە هەر وڵاتێکدا ئەرکێکی گرنگ و پەیوندیدار بەپاراستنی ژیانی مرۆڤ و ئارامی وڵاتەوە دەسپێردرێت بە کەسانێک دەبێ سوێند بخۆن بەخوای گەورە کە کەمتەرخەم نەبن لەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە و بەپاکی جێبەجێی بکەن.

لەم ڕۆژگارە شوومەدا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرۆکی بە کوردستان و عێراق و جیهان گرتووە، پزیشکەکانی کوردستان نەک هەر سوێندەکەی خۆیان بەپاکی بردۆتە سەر، بەڵکو ئازایانە و جوامێرانە و پێشمەرگەئاسا بەرەنگاری ئەو ڤایرۆسە نەگریسە بوونەتەوەو دەست لەسەر شانی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دادەنێن و دڵیان دەدەنەوەو چارەسەریان دەکەن. پزیشکەکانی کوردستان لە خەمی چارەسەرکردنی هەڵگرتووانی ڤایرۆسی کۆرۆنان و بە شەو و بە ڕۆژ بێ ماندووبوون و نەترسان بەدوای چارەسەری خێرادا دەگەڕێن بۆ هەڵگرانی ڤایرۆسەکە و خۆیان کردۆتە قەڵغان بۆ ڕێگری کردن لەم ڤایرۆسە کوشندەیە، دیارە تەندروستی بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتییە بۆیە دکتۆرەکان و کارمەندانی تەندروستی لە هەست کردن بە لێپرسراوێتی و هەستکردنیان بە خۆشەویستی نەتەوەکەیان چاونەترسانە بەگژ ئەو ڤایرۆسە کوشندەیەدا دەچنەوە کە مرۆڤایەتی لێی ڕادەکا و پزیشکە شەرەفمەندەکانیش ڕێگرن لە بەردەم ڤایرۆسی کۆرۆنا ، بۆیە جێی خۆیەتی هەر نەخۆشێک کە چاکەبێتەوەو هاووڵاتیانیش بەگشتی گوڵبارانی پزیشکەکان و کارمەندانی بەشی تەندروستی بکەن.

ڕاستە ئەرک و ماف هەیە و هەر کاتێک کە لەلایەن هەر هاووڵاتییەکەوە یان کارمەندێکی حکومی و بە دڵسۆزی بۆ نیشتیمانەکەیان جێبەجێ بکرێن، دەبێ مافیان پارێزراوبێ و دەبێ کارمەندانی نەخۆشخانەکان و پزیشکەکان ڕێزلێنانی ئازایەتییان پێ ببەخشرێ و مەدالیای زێڕیان لەگەردن بکرێ، هەروەها دەبێ هاووڵاتیانیش هەستی نەتەوایەتییان ببزوێ و میللەتی خۆیان و نیشتیمانەکەیان خۆش بوێ.

دەستتان خۆش کارمەندان و پزیشکە بەڕێزەکان... دەستتان خۆش و سەرکەوتوو بن، میژوویەکی پرسەروەریتان بۆ خۆتان و میللەتەکەتان تۆمارکرد... خوای گەورە پشت و پەناتان بێ.

عەمیدی خانەنشین/قادر سدیق ئاغا
سەرۆکی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری هاتووچۆ

هاوواڵاتیان بە گرنگییەوە لە هەنگاوەکانی خۆپارێزی لە تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە دەڕوانن

هاوواڵاتییەک: هەرکەسێک بە قاچاخ هاتبێتەوە دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار بکرێتەوە

ڕەنجبەر بەرزنجی-ن.سۆران

لە دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چەندین وڵاتی جیاجیا و پاشان گواستنەوەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانەوە ، هەرزوو لایەنەکانی پەیوەست بە بابەتەکە بەردەوام خەریکی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و ڕێنماییەکانی خۆپارێزی لە تووشبوون بەم پەتا ترسناکە بوونە، لەو ڕاستاییەدا هاوواڵاتیانی دەڤەری سۆرانیش بە هەموو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بە گرنگییەوە لە هەنگاوەکانی خۆپارێزیی لە تووشبوون بە ڤایرۆسەکە دەروانن.



سەرەتا هاوواڵاتی (ڕەوەز قادر) بەمشێوەیە ڕای خۆی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەنگاوەکانی خۆپارێزی لە تووشبوون بە پەتاکە خستەڕوو ، بەڕاستی بابەتی بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە بابەتێکی گرنگ و هەستیارە و پێویستە لەسەر هەموو خێزانێک تا دەتوانن ئەو ڕێنماییانە جێبەجێ بکەن کە ڕۆژانە لە لایەن دەزگا تەندروستییەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە و تا دەتوانن لە ماڵەوە دەرنەچن و سەردانی شوێنە قەرەباڵغەکان نەکەن چونکە ئەگەری تووشبوون بە ڤایرۆسەکە زیاد دەکات ، خۆشتان دەزانن هەر تاکێک کە تووشی ڤایرۆسەکە دەبێت لە دوای خۆی ڕاستەوخۆ مەترسی تووشبوون لەسەر خێزان و منداڵەکانی خۆی لە هەمووکەس زیاترە.

لە لایەکی دیکەوە (عەزیز برادۆستی) وێڕای دەستخۆشی بۆ هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکە وتی: لای خۆمەوە بەر لە هەموو شتێک دەستخۆشی لە هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکەم کە هەر زوو هاتنە سەرخەت و بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە چەندین ڕێنمایی و بڕیاری گرنگیان دەرکرد بە تایبەتی کەرەنتینە کردنی ئەو کەسانەی کە لە وڵاتی ئێران گەراونەتەوە ، هەروەها ئەوەی کە من ڕۆژانە دەیبینم خەڵکی بە شێوەیەکی باش هەنگاوەکانی خۆپارێزیی جێبەجێ دەکەن و خەڵکێکی باش لەکاتی هاتنە دەرەوە دەستەوانە و دەمامک بە کار دەهێنن گەر خۆشتان چاودێری بازار و شەقامەکان بکەن بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەن کە خەڵکی بە بەراورد لەگەڵ پێشتر کەمتر دێنە دەرەوە مەگەر بۆ حاڵەتی زۆر پێویست نەبێت.

خاتوو (هێلین گەلاڵی) داوا لە هاوواڵاتیان دەکات کە بۆ خۆپارێزی لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە واز لە گەشت و سەیرانی ڕۆژانی پشوو بهێنن و ڕایگەیاند : ئەوەی من تێبینیم کردووە بەشێک لە هاوواڵتیان ئەگەرچی لە ماڵەوە زۆربەی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی لە بڵاوبوونەوەی پەتاکە جێبەجێ دەکەن، بەڵام لە ڕۆژانی پشوو وەک ساڵانی جاران لە گەشت و سەیرانی خۆیان بەردەوامن بەراستی ئەمەش مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە دوو هێندە زیاد دەکات لە کاتێکدا کە حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە دەرگای مزگەوت و قوتابخانەکانی داخستووە پێویستە هاوواڵتیش بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی مرۆیی و نیشتمانی بە هەمانشێوە واز لەبەشێک لە خۆشییەکانی خۆیان بهێنن و تا چارەسەرکردنی بابەتەکە واز لە گەشت و سەیرانی بەهاری بهێنن چونکە لە کۆتایی بە زیانی خۆی و خانەوادە و کۆمەڵگاکەی دەگەڕێتەوە.

هەر پەیوەست بە بابەتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەنگاوەکانی خۆپارێزی لە تووشبوون بەم پەتایە ڕابەر عەلی وتی : خۆشبەختانە بەشی زۆری خەڵک بە گرنگییەوە لە هەنگاوەکانی خۆپارێزی دەروانن و دایکان و باوکان بەردەوام ڕێنمایی و دەدەنە منداڵەکانیان و دووریبیان دەخەنەوە لە شوێنی قەرەباڵغ ، بەردەوام چاودێری دەزگا ڕاگەیاندنەکان دەکەن بۆ زانینی هەر ڕێنمایی و هەواڵێکی تازە لەسەر نەخۆشییەکە ئەمەش نیشانەی بەرزبوونەوەی هۆشیاری تەندروستی خەڵکە لەسەر ئەو بابەتە ، لەکۆتایشدا هیوادارم هەرچی زووتر چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم پەتایە بدۆزرێتەوە.

هاوواڵاتی هاوڕێ حوسێن دەڵێت: پێویستە هەموو تاکێک هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و هەرکەسێک بە ڕێگەی قاچاخ لەو شوێنانەوە هاتبێت کە ڤایرۆسەکەی تیادا بەربڵاوە، دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار بکرێتەوە و ناکرێ چاوپۆشی لە هیچ کەسێک بکرێت، چونکە ئەوەیان بەر لە هەموو کەس بۆ بەرژەوەندی خوودی کەسەکەیە ئینجا کەسوکار و کۆمەڵگە بەگشتی.









هەولێر.. هەڵمەتی خۆپارێزی بەردەوام دەبێت

شەقام و شوێنە گشتییەکان و بازارەکانی ناو سەنتەری شار و قەزا و ناحییەکان دەگرێتەوە

خەبات: هەولێر: سەرلەبەیانی دوێنێ 2020.3.9 لەچوارچێوەی ئامادەکاریی و بەرەنگاری و ڕێگریکردن لە بلاوبوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر، بە ئامادەبوونی هێمن قادر جێگری پارێزگار، لەدیوانی پارێزگا لەگەڵ لێژنەی هەڵمەتی ڕشاندنی پاککەرەوەی دژە ڤایرۆس کۆبۆوە. لەکۆبونەوەکەدا کە هەریەک لە د. دلۆڤان محەمەد، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی هەولێر و سەرۆکی شارەوانی هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکان و بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر ئامادەیی بوون، کۆبوونەوە لە پێداویستیەکانی هەڵمەتەکەی کۆڵییەوە و باس لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتەکە کرا و تیشک خرایە سەر ئەوەی هەڵمەتەکە، هەڵمەتێکی گشتگیرە و دەبێ بەشێوەیەکی فراوان سەرجەم شەقام و شوێنە گشتییەکان و بازارەکانی ناو سەنتەری شار و قەزا و ناحییەکان بگرێتەوە و بە پاککەرەوەی دژە ڤایرۆس هەموو شوێنەکان پاک بکرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێوشوێنی تایبەت گیرایەبەر.

مادەکە هیچ مەترسییەکی لەسەر خۆراک نییە

سلێمانی.. سەرجەم شەقام و شوێنە گشتییەکان بە مادەی ڤارکۆن پاکدەکرێتەوە

خەبات: سلێمانی: بەهاوکاری تیمەکانی شارەوانی، بەرگری شارستانی و لیژنەکانی قائیمقامیەتی قەزای سلێمانی، هەڵمەتی پاک کردنەوەی شەقام و دووکانەکانی ناو بازاڕی سلێمانی دەستپێکرد.

هەڵمەتەکە لەبەردەم قائیمقامیەتی سلێمانیەوە دەستی پێکرد و بە دوو تیمی جیا شەقامەکانی شاری سلێمانی بە ماددەی ڤارکۆن پاک دەکەنەوە. لەلێدوانێکدا لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزاری شارەوانی سلێمانی، نزار کەمال ئاماژەی بەوەدا هەڵمەتەکە دەستپێکردووە و بەردەوام دەبێت تاوەکو مەترسی کۆرۆنا لەسەر شارەکە نامێنێت.

نزار کەمال ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو ماددەیەی بەکاری دەهێنن هیچ مەترسیەکی لەسەر خۆراک نییە تەنیا ئەوەی لە ڤایرۆسی پاک دەکاتەوە.



سەکڤان هالۆ

دەبێ هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی نیشتمانی لە هەموماندا بەرجەستە بێت

پەرەنسیپی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر گەل و نیشتمان یەکێکە لە گرنگترین پرەنسیپەکان چونکە کاتێک مرۆڤ خۆی بە بەرپرسیار بزانێت لە هەمبەر هەر هەڕەشەیەکی مەترسیدار کە ڕووبەڕووی وڵاتەکەی دەبێتەوە بە گشتی پێویستە هەر یەک لە ئێمە خۆمان بە خاوەن بزانین و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا هەوڵ بدەین یان هەڕەشەکە کەم بکەینەوە یانیش هەر بە یەکجاری دوری بخەینەوە.

گەلی کوردستان بە درێژایی قوناغەکانی سەدەی ڕابردوو هەتاکو ئەمڕۆ دەیان و سەدان هەڕەشە و مەترسی لە سەر خۆی و ناسنامە نەتەوەییەکەی بووە، دوژمنانی بە هەموو جۆرە شێوازێکی مادی و مەعنەوی هەڕەشەیان لێکردووە و پەلاماریان داوە و بە هەزاران کەسی سڤیلی کوردیان لە نێو بردووە ، بەڵام ئێرادەی سیاسیی گەلی کوردستان زۆر بە هێزتر بووە لە بەرانبەر مەرامی بۆگەنی دوژمنە سەرسەختەکانی و لە ئەنجامدا مەرامیان پووچەڵ کراوەتەوە، هەڕەشەی ڕژێمە سیاسییە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و هەڕەشەی داعش و پەلامارەکانی ئەم دواییەی حەشدی شەعبی، هەروەها هەڕەشە ئابووری و دارایەکان و هتد...

هەموو ئەمانە نەبوونە هۆی شکستهێنان بە ئێرادەی پوڵایینی گەلەکەمان، هۆکارەکەشی ئەوە بووە بە پلەی یەکەم کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان هەستی بەپرسیاریەتییان تێدا ئامادە بووە و بەرگرییان لە گەل و خاکی پیرۆزی نیشتمان کردووە، ئەمڕۆش ئێمە لە بەردەم چەندین بەرپرسیاریەتی مەزندان، یەکەمیان ئەوەیە کە دەبێ یەکدەنگ و یەک هەڵوێست بین لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پێشهاتێکی سیاسیی نەخوازراو لە گەڵ بەغدا و دەوروبەر بە شێوەیەکی تایبەتی. دووەمیان ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنایە وەک هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیمان و نابێ بە کەم و ئاسایی سەیری ئەم پەتایە بکەین.

ئەوەی لە سەرمانە وەک هاونیشتمانی پێویستە پرەنسیپی بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بە هەند وەربگرین کە ئەمەش لە جێبەجێ کردنی ڕێنماییە تەندروستییەکاندا ڕەنگدەداتەوە و هەڕەشەی ئەم ڤایرۆسە لە گشت هەڕەشەکانی تر مەترسیدارترە، بۆیە هەموومان بێ جیاوازی پێویستە خۆمان بە خاوەنی گەل و وڵاتەکەمان برانین و بەیەکەوە نیشتمانمان لەم پەتا کوشندەیە بپارێزین کە زۆرێک لە وڵاتانی دونیاش گیرۆدەی دەستی ئەم ڤایرۆسە دژ بە مرۆڤایەتییەن و پێیەوە دەنالێنن.

٨ی مارس، یادێک بۆ خەباتی ئافرەتان





د. مەیادە نەجار*

ئەگەر ئێمە بمانەوێت کورتەیەک لەسەر هەشتی مارس بدوێین و هەڵوەستەیەکمان لەسەر چۆنێتی یادکردنەوەی هەبێت، سەرەتا پێویستە تێرامانێکی وردی زانستی بۆ ئایندە و داهاتووی ئافرەتان بکەین، چونکە بەبڕوای من ناکرێت ئێمە تەنیا باس لە مێژووی هەشتی مارس بکەین بەپێچەوانەوە دەبێت باس لە ئایندەی ئافرەتی کورد و پرۆگرامی داهاتوو بکەین.

سەرەتا پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کۆمەڵێک هەنگاوی پراکتیکی بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئافرەت لەکۆمەڵگەدا بنێن و بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە مەرجە سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەگشت ئایدیا و بیرۆباوەرە جیاوازەکانەوە هەماهەنگی هەر لەدارشتنی بەرنامە و ئامادەکردنی پرۆگرامی پێشوەختە تا جێبەجێکردنی هەبێت، واتا پێویستە هەماهەنگی لەسەر ئاستی بالآدا بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان بکەن و ئەرکەکان لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن، بەتایبەتی بۆ تەواوکردنی هەنگاوەکان هەر ڕێکخراوێک لەبواریکدا کار بکات.

چەمکی مرۆڤ سالاری

ئەو چەمکەی لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا شوێنی پیاوسالاری و ئافرەت سالاری گرتۆتەوە، وەک بابەتێکی هەستیار و گرنگ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان سەرتا کارەکانیان لەچوارچێوەی گۆرانکاریی هزری کۆمەڵگەوە دەستپێبکەن ئەویش بەدەستپێکردنی هەڵمەتێکی گشتگیری نیشتمانی بۆ بڵاوکردنەوەی چەمکی مرۆڤ سالاری و مرۆڤبوونی ئافرەت بکەنە مارشی سەرەکییان، چونکە هەتا ئێستا لەرۆژهەڵاتی ناوەراست وەک پێویست کار لەسەر چەمکی مرۆڤ سالاری نەکراوە، پێویستە سەرەتا کار لەسەر چەسپاندنی چەمکی مرۆڤسالاری بکەن، لەڕێگەی هەڵمەتی بەرفراوان بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە بەهەردوو ڕەگەزەوە، مەرجە پەیامی مرۆڤبوونیان پێ ئاشنا بکەن.

بەشداری پرۆسەی سیاسی

هەروەها پێویستە ڕێکخراوەکان هەوڵەکانیان بۆ بەشداری ئافرەتان لە سیاسەتدا زیاتر بکەن، مەرجە هەموو هەوڵێک بۆ ئەوە بێت کە بەشداری ئافرەت لەپرۆسەی سیاسی بکرێتە کەلتوور، چونکە بەگەیشتنی ئافرەتان بەناوەندەکانی بڕیارسازی کاریگەری زۆر گرنگی لەسەر پرسی ئافرەتان دەبێت و بگرە ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر ئاستی لۆکاڵ و تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دەبێت، بەبڕوای من هەنگاوی یەکەم دەبێت هانی ئافرەتان بدرێت بەشداری لە پرۆسەی سیاسی بکەن، پێویستە هانی کچان بدرێت بەتایبەتی کچانی قوتابی زانکۆکان بەشداری کاری ڕێکخراوەیی یان کاری سیاسی بکەن، دەکرێت بڵێین پێویستە ڕێکخراوەکانی مەدەنی ئەو مۆدیلە دروست بکەن کە زانکۆکان بکەنە ناوەندێکی پێشخستنی تواناکانی کچانی گەنج و بەهرەکانیان بەدەربخەن و هانیان بدەن بۆ بەشداری کارا لەبواری سیاسی و ڕێکخراوەییدا. لەدنیای مۆدێرندا وەبەرهێنان لەتواناکانی ئافرەتان ئەولەوییەتی کارەکانە، لەڕێگەی خولی پێشکەوتنی تواناکان و گەشەپێدانی توانا مرۆییەکان بۆ ئافرەتان توانراوە بەبەردەوامی لەسەر گشت ئاستە جیاوازەکان کاری زۆر بکرێت.

پێگەیاندنی توانای ئافرەتان

سەربەخۆیی ئابووری، یەکێکە لەهەنگاوە گرنگەکان بۆ سەربەستییەکانی تری ئافرەتان و نەبوونی ئابووری سەربەخۆ ستەم بەرهەمدەهێنێت، بۆیە لەسەرانسەری جیهاندا دروستکردنی ئابووری سەربەخۆ بۆ ئافرەت بۆتە ئامانجی سەرەکی دەکرێت لەڕێگەی بوونی ئابووریەکی سەربەخۆوە کار لەسەر سەپاندنی داخوازییەکانیان و بەهێزکردنی تواناکانی ئافرەتان بکرێت و لەم ڕێگەیەوە نەخشەی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی و جیاکاریی ڕەگەزی دابڕێژرێت.

لەلایەکی ترەوە پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەمەبەستی کارکردنی زیاتری خولەکانی پەیوەست بەپێگەیاندنی توانای ئافرەتان بکەن، واتا هەماهەنگییەکان بەجۆرێک بێت نەتەوەیەکگرتووەکان چەندین ئەکادیمیای تایبەت بەپێگەیاندنی ئافرەتان لەبوارەکانی پێگەیاندنی ئافرەتان بکاتەوە بەتایبەتی سێکتەرە گرنگەکانی وەک (سیاسی و ئابووری و کاری ڕێکخراوەیی و بزنس) بەجۆرێک خولەکان هێندە فراوان بن هەر کەسێک بیەوێت توانای بڕەو پێبدات بتوانێ بەشداری بکات، ئەوەی ئافرەتان بایەخی زیاتر بە توانا و ئەزموونی خۆیان بدەن و بێ سڵەمینەوە ڕوو لە گۆڕەپانی سیاسەت بکەن و بەڕەو ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی هەنگاو بنێن.

مەرجە ئێمە هەشتی مارس بکەینە دەستپێکی گرنگ لەچەندین هەنگاوی لەو جۆرە بەتایبەتی لەڕێگەی کردنەوەی چەندین خولی تایبەتمەندەوە پێویستە هانی بەشداری ئافرەت لە سیاسەت و بڕیاردروستکردن و ناوەندەکانی بڕیاردانا زیاتر بکرێت.

دارشتنی پرۆگرامی مۆدێرن

پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن بکەن بۆ هەموو هێزە سیاسییەکان هەست بە بەرپرسیارەتی نەکەن و شان لە شانی یەکتر نەبن ئەوە عێراق بەرەو دوو سیناریۆ دەچێت کە سێیەمی نیە:

سیناریۆی یەکەم: دەبێت سەرکردەکانی شیعە هەست بە مەترسی ئەو قۆناغە بکەن و بگەڕێنەوە سەر هۆشی خۆیان یان عێراق بەرەو چارەنوسێکی نادیار دەروات. دەبێت بگەڕێنەوە بۆ دیموکراسی تەوافوقی کە عێراقی لەسەر دروست بووە و لە دەستور ئاماژەی پێکراوە و واز لە دیموکراسی زۆرینە بێنن کە دەیانەوێت پەیڕەوی بکەن لەعێراق و بگەڕێنەوە بۆ هاوسەنگیی هێز لە ناو پێکهاتەکانی عێراق و کار لەسەر چۆنێتی بەشداری هەموو پێکهاتەکان لە دەسەڵات و بڕیاردان و بەهێزکردنی



لە یادی 11ی ئادار 1970

ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ کورد و کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار ئەو ڕێککەوتننامەی مێژوویەیە کە لە 11ی ئادارى ساڵى 1970 لە نێوان سەرکردایەتى شۆڕش کورد جەنەراڵ مستەفا بارزانى و حکومەتى عێراق ئیمزا کرا، ئەم ڕێککەوتننامەیە دواى قوربانیدان و خەباتێکى بێوچانى کورد بوو کە لە ساڵى 1961ەوە لە شەڕێکى خوێناویدا بوو دژى ڕژێمى بەعس، هەر ئەو خەبات و بەخودانەش بوو واى لە دەسەلاتدارانى بەعس کرد ملیان کە چ بکەن بۆ داواکاریەکانى کوردو شۆڕى ئەیلوول بەسەرۆکایەتى جەنەرەاڵ مستەفا بارزانى ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا بکەن. بۆ یادکردنەوەى ڕێککەوتننامەى 11ى ئادارى 1970 وام بەچاک زانى کە ئەو چاوپێکەوتنە بلاو بکەمەوە کە لە 11ى ئادارى 2008 لەگەڵ ڕەوانشاد محەمەدى مەلاقادر ئەنجامدابوو، کە تێیدا ڕەوانشاد باس لە ڕێکەوتننامەى 11ى ئازار دەکات.

ڕەوانشاد محەمەد مەلاقادر لەو چاوپێکەوتنەدا دەربارەى ڕێککەوتننامەى 11ى ئادارى گوتبووى:

ئەمڕۆ ئێمە خۆشحاڵین کە یادى ڕێککەوتننامەى 11ى ئادار دەکەینەوە، کە لە کاودانێکى گونجاو ئەو ڕێککەوتننامەیە لە نێوان سەرکردایەتى شۆڕش و کوردستان و حکوومەتى ئەو کاتى عێراق هاتە کایەوە. دەپرسین ئەم ڕێککەوتننامەیە چۆن هاتەکایەوە، بۆچى؟ بێگۆمان هەندێک هۆکارى خودى و بابەتتى هەبوو کە حکومەتى بەعس ناچار کرد پەنا ببات‌ەبەر ڕێککەوتنى 11ى ئادار، یەکەم لە مەیدانى شەڕ سوپاى عێراقى شکستى گەورەى خواردبوو لە دوکات شکستى خوارد لەبەرى مەرگە و گەرمیان و دەشتى هەولێر شکستى خوارد، بەگشتى کۆمەڵێک شکستى یەک لە دواى یەکى خوارد، ئەمە هۆکارێک بوو، دەرکەوت کە سوپاى عێراق ماندووە، هیلاکە، بێ توانایە بەرامبەر زەبرى پێشمەرگەى و ناتوانى سەرکەوتن بەدەست بێنێت. هۆکارێکى دیکە وەزعى سیاسى لە ڕووى بابەتى و خودى گۆڕانى بەسەردا هات.

یەکەم: لە ساڵى 1960 پەیمانى دۆستایەتى لە نێوان سۆظیەت و عێراق مۆر کرا بوو، کە وەکو هاوپەیمانێک بوو لە نێوان دروست بوو، سۆظیەتیش کە زلهێزێک بوو و سەرکردایەتى وڵاتانى سۆسیالیستى دەکرد. ئامۆژگارى کردن یا خود ناوبژى کرد تا پەیوەندى لە نێوان شۆڕشى کورد و عێراق دروست بکات، ئاشتبوونەوە دروست بکات. لە ڕاستیشدا هەوڵى سۆظیەت بۆ ئەمە دەستکەوتێکى گرنگ بوو بۆ کورد و شۆڕشەکەى بە گشتى و بۆ پارتى دیموکراتى کوردستانیش بەتایبەتى کە توانى حزبى بەعس بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەى ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا بکات.

دەربارەى ڕۆڵى بارزانیى نەمر لە هاتنەکایەى ڕێککەوتننامەى11ى ئادار ڕەوانشاد(محەمەد مەلاقادر) گوتبووى:

بێگومان ڕۆڵى بارزانیى نەمر نەک هەر لە ڕێککەوتننامەیە هەبوو بەڵکۆ لە هەموو بوارەکان و لە هەموو قۆناغەکانى ڕێکەوتننامەکە بارزانى نەمر ڕۆڵى سەرەکى و بڕیاردەرى هەبووو، بارزانیى نەمر وەکو سەرکردەى کورد، وەکو ڕێبەرى شۆڕش، وەکو سەرۆکى حزب، لە هەموو ئەو قۆناغەکانەى ڕێکەوتننامەکە هەبوو، هەروەها بەڵێنیش درا بوو کە دیموکراسیەتیش لەمەودوا جێبەجێ بکرێ و ئەحزابى دیکەش بێنە ناوەوە بەشدارى ڕۆڵى دیارو بەرچاوى هەبووە، هەروەک چۆن بارزانى نەمر ڕۆڵى پێشەنگ و کارا و کاریگەرى لە بزاظى ڕزگاریخوازى کردوا هەبووە. ڕابەرى و سەرکردایەتى بارزانى بۆ بزاظى ڕزگاریخوازى کورد و سەرۆکایەتى پارتى دیموکراتى کوردستان، ئەگەرى ئەوە بوون کە خزبیش (پارتى) هێز و توانا و پانتایى جەماوەرى لە کاریزماى مستەفابارزانى وەرگرێ لەم ڕووەوە حزب (پارتى) بە هێز بوو، بە توانا بوو، بە ئیمکانیات بوو، جەماوەرى هەبوو، لەشکرى هەبوو، ڕاگەیاندنى هەبوو، بارزانیش سەرکردایەتى هەمووى دەکرد، بەتەکیدیش بارزانى خۆى سەرپەرشتى ڕێککەوتننامەکەى دەکرد، واتە بە ئامۆژگارى ئەو بوو، خۆى ڕۆڵێکى بەرچاو تێدا گێڕا. ئەم ڕێککەوتننامەیە سەرکەوتنێکى گەورە بوو بۆ کورد و پارتى، یەکەم خاڵ: لە حوکم بکەن، بەڕاستیش ئەمە دەستکەوتێکى گرنگ بوو بۆ کورد و شۆڕشەکەى بە گشتى و بۆ پارتى دیموکراتى کوردستانیش بەتایبەتى کە توانى حزبى بەعس بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەى ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا بکات.



ڕێککەوتننامەى 11ى ئادارى دا گوتبووى:

بێگومان ڕژێم دەیانگوت ئەو ڕێککەوتننامەیە ستراتیژیە و تەکتیکى نیە، بەڵام دواتر دەرکەوت بە پێچەوانەوە بوو، چونکە کۆمەڵێک پیلانیان دژى شۆڕشى کورد داڕشت، ئەوە بوو لە مانگى 6ى 1970 پیلانێکیان دژى ژیانى کاک ئیدریس بارزانى داڕشت، بەڵام جوانەمەرگ سەلامەت لێى دەڕچوو، پیلانێکى دیکە ئەوە بوو لە 29ى ئەیلوولى ساڵى 1971 کۆمەڵێک مەلاى مێزەر بەسەر(بەناو مەلا) ناردیان بۆ حاجى ئۆمەران بۆ لاى بارزانیى نەمر ، ئەوە بوو یەکێک لەوانە خۆى تەقاندەوە، خۆشبەختانە بارزانیى نەمر بە موعجیزە لە مردن ڕزگارى بوو، چەندین پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون لێرە نیازى چەپەڵى حزبى بەعس دەرکەوت کە لاى ئەوان ڕێککەوتننامەکە ستراتیژى نەبوو، بەڵکۆ تەئامورى و تەکتیکى بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئێمە لە ماوەى ئەو چوار ساڵەدا دەسکەوتى باشمان بەدەستهێنا، بەڵام دواتر لە ساڵى 1974 لەگەڵ حزبى بەعس نەگەیشتە ئەنجام و ڕێککەوتنامەکە جێبەجێ نەکرا. بەکورتى ساڵى 1974 شەڕ دەستى پێکردەوە لە شارەکان پاشەکشە کراو دووبارە وەزع تێکچوو.

لە بارەى گرنگى ڕێککەوتننامەکە ڕەوانشاد گوتبووى:

بێگومان ئەفزلیەت بۆ شتە سەرەکیەکان دەبێت ئەو کاتە بارودۆخ جیاواز بوو، بارودۆخى ناوچەکە جیاواز بوو، ئەو بارودۆخە نوێیەى کە ئێستا لە جیهان هەیە، مافى مرۆڤە، عەولەمەیە ئەو کاتى نەبوو، ئەو جیهانییەى کە ئێستا ئەمەریکا و وڵاتانى ئەورووپا هەیانە، ئەو کاتى وانەبوو، ئینجا لەگەڵ هەموو ئەوانەش ئێمە توانییمان بە هێز ئۆتۆنۆمى لە حزبى بەعس وەربگرین، ئەمە خۆى شاکارێکى زۆر گرنکە لە بزوتنەوەى شۆڕشگێڕیى کورد. ئێمە فیدراڵیەمان بەدەست هێناوە کە ئەو کات زۆر گرنگترە لە ئۆتۆنۆمى، بەڵام ئەو کاتە قۆناغێکى تر بوو، ئەو کات قۆناغى یەکەم بوو. لەقۆناغى دووەمدا ئاشکرایە ئێمە لە دواى ڕاپەرین ساڵى 1991 شیعارى فیدڕاڵیمان بەرزکردەوە و کارمان بۆ کردووە، ئەوە بوو دواى ڕووخانى ڕژێمى بەعس و ڕزگارکردنى عێراق لەسەردەستى ئەمەریکا بە گوێرەى دەستورى هەمیشەى عێراق کە زۆرینەى عێراقیەکان دەنگیان بۆ داوە فیدڕاڵى بۆ کورد چەسپاوەو ئێستا موماڕەسەى فیدڕاڵى دەکەین لە کوردستان، ئەمەش گرنگە، ئومێد دەکەین لە داهاتوو شتى گرنگتریش بێتە پێشەوە، خۆى هەروایە منداڵ کە سەرەتا لە دایک دەبێ، یەکەم جار هەڵناستەوە سەرپێ.

کاروان محەمەد سینۆ

لە 45 ساڵیادیدا

ڕێککەوتنى جەزائیر

بۆمبێکى کاتى بوو لە نێوان لایەنەکان

دوابەدواى خەبات و بەرخودانى چەندساڵەى بارزانى نەمر و خەڵکى کوردستان لە شۆڕشى ئەیلوولى مەزندا کە لە 11ى ئەیلوولى 1961بە ڕابەرایەتى و بەشدارى ڕاستەوخۆى جەنابى مەلا مستەفاى بارزانى بەڕپابوو، لە ماوەى نۆساڵى تەمەنى شۆڕش و خەباتى پێشمەرگە قارەمانەکانى شۆڕشى ئەیلوو و سەرکردایەتى نموونەى و گیانفیدایى، بارزانى نەمر توانیى چۆک بە حکومەتى عێراق دابدات و بەغدا (سەددام حوسێن) ڕاکێشێتە سەر مێزى گفتوگۆ و لە 11ى ئاداریى 1970 ڕێککەوتنى (11ى ئاداری) ئیمزاکرد. بەم شێوەیە ئەم ڕێکەوتنە بووە یەکەم دیکۆمێنتى نێودەوڵەتى کە دان بە بوون و مافەکانى کورد دەنێ لەسەر ئاستى ئەقلیمى و نێودەوڵەتى، لەلایەکى دیکەشەوە ئەم ڕێکەوتننە بووە دەستکەوت و ئەنجامى خەباتى بێ وچانى جەنابى مستەفا بارزانى و پێشمەرگە قارەمانەکانى شۆڕشى ئەیلوول.

پێدەچوو عێراق یاخود هەژموونێک لە ناودەسەڵاتى ئەوساى عێراق ئەم ڕێکەوتنەى بەلاوە پەسند نەبوو، بۆیە هەر لە میانەى ڕێکەوتنى 11ى ئازار و پاش ئیمزاکردنى ڕێکەوتنەکە، دەستێک کەوتە پیلانگێڕان دژى ڕێکەوتنى 11ى ئازار، ئەوە بوو چەندین جار هەوڵى تیرۆر کردنى جەنابى مەلامستەفا و کاک ئیدریس و سەرۆک مسعود بارزانى دەدرا، بەڵام هەموجار بە حیکمەت و چاودێرى و ڕێنماییەکانى جەنابى مستەفا بارزانى، پڕۆسەى ڕێکەوتنى 11ى ئازار دەپارێزرا و جەنابى بارزانى هەرگیز ڕێگەى نەدەدا پڕۆسەى ئاشتى و ڕێککەوتنەکە لەناو ببرێ.

پاش ئەوەى هەوڵە تیرۆریى و بیانۆ و پاشقوڵەکانى ڕژێمى بەغدا (سەددام حوسێن) لە تێکدانى (ڕێکەوتنى 11ى ئادار) سەرى نەگرت ، ئەمجارە بەغدا(سەددام حوسێن) خاک و سەروەرى عێراق و دەسەڵاتى خۆى خستە بەر بازاڕى پیلانى ئەقلیمى و نێودەوڵەتى و کردە شاباش و قوربانى پێشێلکردنى ڕێکەوتنى 11ى ئادار. ئینجا لە ڕێکەوتنێکى شەرمەزاریدا لەگەڵ (شاى ئیران) وبە دەست لەپشدانى ئەمریکا، ئەمجارە گەلەکۆمەیان لەسەر خەڵکى کوردستان و شۆڕشى ئەیلوول کرد. ئەوەبوو لە پەراوێزى کۆڕبەندى و وڵاتانى هەنارەکارى نەوت (ئۆپێک) ساڵى 1975 لە جەزائیر کە سەددام حوسێن و شاى ئیران تێیدا بەشداربوون. (هەواڕى بۆمیدیان) سەرۆکى جەزائیر و سەرۆکى کۆڕبەندەکە(ئۆپێک)، (ڕێکەوتنى جەزائیر) یان ڕاگەیاند لە نێوان سەدام حوسێن و محەمەد ڕەزا پەهلەوى شاى ئێران. بەپێى ئەم ڕێکەوتنە سەددام حوسێن لە بەشێکى خاکى عێراق و تەواى زێبارى عەرب(شەت و العرب) خۆش بوو بۆ ئیران لە بەرامبەر ئەوەى کەئیران گەمارۆى شۆڕش ئەیلوول و خەڵکى کوردستان بدات.

بەڵام ڕێکەوتنى شوومى جەزائیر لەنێوان هەردوو وڵاتى (عێراق-سەددام حوسێن) و وڵاتى (ئیران-شا محەمەد ڕەزا پەهلەوى) هەردەم ڕێکەوتنێکى لەڕزۆک و کاتى و بە بیانۆ بووە، تاکو ئێستاش هەر بۆمبێکى کاتییە و جێگاى بەهانەو و بیانۆى هەردوو وڵاتى عێراق و ئیرانە. ڕاستە ئێستا هەژموونى ئیران بەسەر عێراقدا زاڵە و کەسیان لە ئێستادا باسى ڕێکەوتنى جەزائیر ناکەن. بەڵام هەرکاتێکى هەژموونى ئیران بەسەر عێراقدا نەمان (بەهەر شێواز و هۆکارێک بێت) ئەوسا دیسانەوە ڕێکەوتنى جەزائیر وەکو بۆمبێک لە دەظەرەکەدا سەر ئاو دەکەوێتەوە و دیسانەوە بەڕووى یەکێکیان (عێراق یان ئیران) دەتەقێتەوە (هەروەک لە ڕۆژى ئیمزاکردنى ڕێکەوتنەکە، بەڕووى عێراقدا تەقییەوە و عێراق سەرەوەى دەسەڵاتدارى تەواوى زێبارى عەرەب (شەت العرب) لەدەستدا. ئینجا کودەتا بەسەر شاهینشاى ئیراندا کردا و دواتر لەهەندەران گیانى لەدەستدا. پاشان لە 17ى ئەلوولى 1980جارێکى دیکە ڕێکەوتنى شوومى جەزائیر بەڕووى ئیراندا تەقییەوە، کاتێک (سەددام حوسێن) بڕیارى پووچەڵ بوونەوەى (ڕێکەوتنى جەزائیر)دا. ئەمەش بووە ئەگەرى بەڕپابوونى شەڕى (عێراق و ئیران) و بۆماوەى هەشت ساڵ شەڕەکە درێژەى کێشا کە بووە ئەگەرى کوژارنى بەسەدان هەزار کەس و سەدان هەزار بریندار و شوێن بزربوو لە هەرێەکەیان (عێراق و ئیران) وهەروەها بە سەدان ملیۆن دۆلار زیانى ماڵیان لێ کەوت. ئینجا لەکۆتییشدا، ئیمام خومەینى (ڕێبەرى ئەوساى ئیران) هەروەک خۆى لە بەیاننامەى ڕاگرتنى شەڕى عێراق و ئیران ڕایگەیان کە (بەڕەزامەندییان لەسەر ڕاگرتنى شەڕ،جامى ژەهرى خواردەوە). لە کۆتاییدا هەردوولا (عێراق و ئیران) بێجگە لە ماڵ وێرانییان، بەمایەپووچ لەم شەڕەکە دەڕچوون. مایەپووچى و لاوازبوونى عێراق بووە ئەگەرى هەڵمەتى پێشمەر (بەڕەى کوردستانى) و ڕاپەڕینى بەهارى ساڵى 1991 و هەر لە 11ى ئازارى 1991 هەوڵێر پایتەختى کوردستان ئازاد کرا و دواتر پەرلەمان و حکوومەتى هەرێمى کوردستان لەدایک بوو. لێرەدا خۆیادەبێ کە دەستکەوتەکانى ئەمڕۆى هەرێمى کوردستان، ئەنجامى خەباتى و قوربانیدانى بارزانى نەمر و پێشمەرگە و ڕێبازەکەتى.

ون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٦٣٦٢٢ بەرووار ٢٠١٩/١١/٣ بەبری ٨١٨٠٠٠ هەشت سەدو هەژدە هەزار دینار بەناوی ابراهیم حمد عبدالله وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

ناسنامەی کۆلیژی ئەندازیاری/ زانکۆی صلاح الدین بەشی میکانیك بەناوی سانا فتاح عبدالله وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠١٣٥٩٨٥ بەرووری ٢٠١٦/٨/١٦ بەبری ١٨١٢٠٠٠ بەناوی شیرزاد عبدالله اسماعیل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو المسائي
العدد /٨٤
التاريخ/ ٢٠٢٠/٣/٨
اعلان

الى المنذر اليه / (اوهانيس سيروب هوفي) بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٣١٥٨/ السجل ١٦) في (٢٠٢٠/٣/٤) والمتضمن المطالبة بحضورك امام مديرية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم (٢٠٢٠/٣/٢٤) ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم (٨٢٢/٥ مقاطعة ١٤ عباسية) والمشتراة من قبل المنذر (مصطفى جلبي صالح) ولمجهولية اقامتكم حسب ما جاء باشعار مختار محلة وكتاب مركز شرطة (زاخو/٧٦٦) والمورخ في (٢٠٢٠/٣/٨) تقرر نشر تبليغكم في الصحيفة اليومية .

كاتب عدل زاخو المسائي
سليمان كوفي محمود

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهشتی هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ٣/انابة/ ٢٠١٥
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٤
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهشتی هەولێر مولکی ژمارە ١/٩٠٦١ك٨٦ بنصلاوە کە کەوتۆتە بنصلاوە دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (بهرام خضر نادر/اکرم خضر نادر)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٤٣,٨٠٠,٠٠٠ دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ هەولێر ٨/٢٦٦ ك ٩٢ شاویس
- ڕەگەز و جۆری/ مولکی تەواو
٣- پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی یەك نهۆمی شرقی کۆن لە ٣ ژوور و حمام و مرافق و مطبخ پێکهاتووە.
٤- ڕووبەرەکەی ٢٥٢ م٢
٥- نرخی قرساو/ ٥٩,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار
- بەشی قەرزار / شیروان محمد قادر (٢٩٥٠٠٠٠٠) ملیۆن دینارە.
- بەشی قەرزار / سیروان محمد قادر (٢٩٥٠٠٠٠٠) ملیۆن دینارە.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهشتی هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ٢٤/انابة/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٤
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهشتی هەولێر مولکی ژمارە ١/١٠٠٢٧ ك ٨٦ بنصلاوە کە کەوتۆتە بنصلاوە دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (سروەر عمر کریم)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٣٢,٤٢٠,٠٠٠ دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ شێرزاد خضر دزەیی

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ هەولێر ١/١٠٠٢٧ ك ٨٦ بنصلاوە
٢- ڕەگەز و جۆری/ خانوو
٣- سنوور و ئاگاداری / لە تۆماری هەمیشەیی هاتووە
٤- پێکهاتەکەی/ خانوێکی یەك نهۆمی یەکەم ٢ ژوور و حمام و مرافق و مطبخ نهۆمی دووەم لە ٣ ژوور و حمام و مرافق پێکهاتووە.
٥- ڕووبەرەکەی ٢٥٢ م٢
٦- نرخی قرساو/ ٧٢,٠٠٠,٠٠٠ حەفتا و دوو ملیۆن دینار

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی / هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ١٧٤٦ /٢٠١٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٤/٧٤١ کە کەوتۆتە (ك ٤٤ وارش) دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (سالم بابە شێخ عبدالله)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٤٢,٧٦٨,٠٠٠ ملیون دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ هەولێر ٤/٧٤١ ك ٤٤ وارش
- ڕەگەز و جۆری/ مولکی تەواو
٣- سنوور و ئاگاداری / وەك لە نەخشەکەدا هاتووە
و- پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی ٢ نهۆمی نهۆمی یەکەم ٢ ژوور و حمام و مرافق و مطبخ نهۆمی دووەم لە ٣ ژوور و حمام و مرافق پێکهاتووە.
٥- ڕووبەرەکەی ١٤٠م٢
٦- نرخی قرساو/ ١١٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ٢٩١٠ / ٢٠١٥
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٨/٢٦٦ ك ٩٢ شاویس) کە کەوتۆتە (٩٢ شاویس) دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (شیروان و سیروان کورانی محمد قادر)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٥٩,٠٠٠,٠٠٠ ملیون دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ هەولێر ٨/٢٦٦ ك ٩٢ شاویس) کە کەوتۆتە (٩٢ شاویس) دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (شیروان و سیروان کورانی محمد قادر)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٣٤,٦٦٤,٠٠٠ ملیون دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ شێرزاد خضر دزەیی

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ هەولێر ٨/٢٦٦ ك ٩٢ شاویس
- ڕەگەز و جۆری/ مولکی تەواو
٣- سنوور و ئاگاداری / لە تۆماری هەمیشەیی هاتووە
٤- پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی نهۆمی یەکەم ژوور و حمام و مرافق و مطبخ و دووەم نهۆمی دووەم ژوور و حمام و مرافق پێکهاتووە.
٥- ڕووبەرەکەی ١٦٥م٢
٦- نرخی قرساو/ ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ٣٣٣٠/٢٠١٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٥٧/١٠٧ کە کەوتۆتە (ك ٤٥ وارش) دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (خالده غریب سلیم)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٤١٥٦٣٠٠٠ ملیون دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ هەولێر ٥٧/١٠٧ ك ٤٥ وارش
- ڕەگەز و جۆری/ مولکی تەواو
٣- سنوور و ئاگاداری / وەك لە نەخشەکەدا هاتووە
٤- پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی ناوبەر کراو کە هەر خانووەی لە دوو نهۆم نهۆمی یەکەم دوو ژوور و حمام و مرافق و مطبخ دووەم نهۆم لە دوو ژوور و حمام و مرافق پێکهاتووە.
٥- ڕووبەرەکەی ٢٠٠م٢
٦- نرخی قرساو/ ٧٢,٠٠٠,٠٠٠ حەفتا و دوو ملیۆن دینار

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی / هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ٣/انابة/ ٢٠١٥
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٤
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١/٩٠٦١ك٨٦ بنصلاوە کە کەوتۆتە بنصلاوە دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (بهرام خضر نادر/اکرم خضر نادر)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٤٣,٨٠٠,٠٠٠ دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ شێرزاد خضر دزەیی

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ ١/١٠٠٢٧ ك ٨٦ بنصلاوە
٢- ڕەگەز و جۆری/ خانوو
٣- سنوور و ئاگاداری / لە تۆماری هەمیشەیی هاتووە
٤- پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی ناوبەر کراو کە هەر خانووەی لە دوو نهۆم نهۆمی یەکەم ژوور و حمام و مرافق و مطبخ دووەم نهۆم لە دوو ژوور و حمام و مرافق پێکهاتووە.
٥- ڕووبەرەکەی ٢٠٠م٢
٦- نیشتەجێکەی/ خاوەن مولك تێیدا نیشتە جێیە
٧- نرخی قرساو/ ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ١٦٩٢/٢٠١٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٨/٢٦٦ ك ٩٢ شاویس) کە کەوتۆتە (٩٢ شاویس) دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (شیروان و سیروان کورانی محمد قادر)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٣٤,٦٦٤,٠٠٠ ملیون دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ شێرزاد خضر دزەیی

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ ١/١٠٠٢٧ ك ٨٦ بنصلاوە
٢- ڕەگەز و جۆری/ خانوو
٣- سنوور و ئاگاداری / لە تۆماری هەمیشەیی هاتووە
٤- پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی ناوبەر کراو کە هەر خانووەی لە دوو نهۆم نهۆمی یەکەم ژوور و حمام و مرافق و مطبخ دووەم نهۆم لە دوو ژوور و حمام و مرافق پێکهاتووە.
٥- ڕووبەرەکەی ٢٠٠م٢
٦- نیشتەجێکەی/ خاوەن مولك تێیدا نیشتە جێیە
٧- نرخی قرساو/ ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ١٦٩٢/٢٠١٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٣٣/١٥٥٥ کە کەوتۆتە (٩٤ باداوە) دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (اسمر رحمن قادر)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٤٣,٨٠٠,٠٠٠ دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ شێرزاد خضر دزەیی

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ ١/١٠٠٢٧ ك ٨٦ بنصلاوە
٢- ڕەگەز و جۆری/ خانوو
٣- سنوور و ئاگاداری / لە تۆماری هەمیشەیی هاتووە
٤- پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی ناوبەر کراو کە هەر خانووەی لە دوو نهۆم نهۆمی یەکەم ژوور و حمام و مرافق و مطبخ دووەم نهۆم لە دوو ژوور و حمام و مرافق پێکهاتووە.
٥- ڕووبەرەکەی ٢٠٠م٢
٦- نیشتەجێکەی/ خاوەن مولك تێیدا نیشتە جێیە
٧- نرخی قرساو/ ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ١٦٩٢/٢٠١٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٣٣/١٥٥٥ کە کەوتۆتە (٩٤ باداوە) دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (اسمر رحمن قادر)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٤٣,٨٠٠,٠٠٠ دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ شێرزاد خضر دزەیی

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ ١/١٠٠٢٧ ك ٨٦ بنصلاوە
٢- ڕەگەز و جۆری/ خانوو
٣- سنوور و ئاگاداری / لە تۆماری هەمیشەیی هاتووە
٤- پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی ناوبەر کراو کە هەر خانووەی لە دوو نهۆم نهۆمی یەکەم ژوور و حمام و مرافق و مطبخ دووەم نهۆم لە دوو ژوور و حمام و مرافق پێکهاتووە.
٥- ڕووبەرەکەی ٢٠٠م٢
٦- نیشتەجێکەی/ خاوەن مولك تێیدا نیشتە جێیە
٧- نرخی قرساو/ ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ٢٩١٠ / ٢٠١٥
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٨/٢٦٦ ك ٩٢ شاویس) کە کەوتۆتە (٩٢ شاویس) دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (شیروان و سیروان کورانی محمد قادر)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٥٩,٠٠٠,٠٠٠ ملیون دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ ٤/٧٤١ ك ٤٤ وارش
- ڕەگەز و جۆری/ مولکی تەواو
٣- سنوور و ئاگاداری / وەك لە نەخشەکەدا هاتووە
و- پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی ٢ نهۆمی نهۆمی یەکەم ٢ ژوور و حمام و مرافق و مطبخ نهۆمی دووەم لە ٣ ژوور و حمام و مرافق پێکهاتووە.
٥- ڕووبەرەکەی ١٤٠م٢
٦- نرخی قرساو/ ١١٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ٢٩١٠ / ٢٠١٥
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٨/٢٦٦ ك ٩٢ شاویس) کە کەوتۆتە (٩٢ شاویس) دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (شیروان و سیروان کورانی محمد قادر)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٥٩,٠٠٠,٠٠٠ ملیون دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ ٤/٧٤١ ك ٤٤ وارش
- ڕەگەز و جۆری/ مولکی تەواو
٣- سنوور و ئاگاداری / وەك لە نەخشەکەدا هاتووە
و- پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی ٢ نهۆمی نهۆمی یەکەم ٢ ژوور و حمام و مرافق و مطبخ نهۆمی دووەم لە ٣ ژوور و حمام و مرافق پێکهاتووە.
٥- ڕووبەرەکەی ١٤٠م٢
٦- نرخی قرساو/ ١١٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ١٦٩٢/٢٠١٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٣٣/١٥٥٥ کە کەوتۆتە (٩٤ باداوە) دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار (اسمر رحمن قادر)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (مصرف سومر التجاری) بەبری ٤٣,٨٠٠,٠٠٠ دینار. هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ شێرزاد خضر دزەیی

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ ١/١٠٠٢٧ ك ٨٦ بنصلاوە
٢- ڕەگەز و جۆری/ خانوو
٣- سنوور و ئاگاداری / لە تۆماری هەمیشەیی هاتووە
٤- پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی ناوبەر کراو کە هەر خانووەی لە دوو نهۆم نهۆمی یەکەم ژوور و حمام و مرافق و مطبخ دووەم نهۆم لە دوو ژوور و حمام و مرافق پێکهاتووە.
٥- ڕووبەرەکەی ٢٠٠م٢
٦- نیشتەجێکەی/ خاوەن مولك تێیدا نیشتە جێیە
٧- نرخی قرساو/ ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ٣٤٣/ك/٢٠٢٠/٤
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٣/٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ اراس احمد محمد و ئاری احمد محمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣ لە یاسای بنەمایی دادگاییکردنی سزایی دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لەکاتژمێر ٩ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٠/٤/٢٩ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێی ماددەی ٤٣٢ لە یاسای سزادان بەپێچەوانەوە خۆتان بەرسیار بەپێی یاسا.
دادوەر/ ئومید محسن حمدامین
* * *
دادگای بەرایی کەلار
ژمارە : ٤٢١ / ب / ٢٠٢٠
بەروار / ١٨ / ٢ / ٢٠٢٠
ئاگادارکردنەوە
بۆ کەسانی سێیەم (١ – محمد عارف میرزا ، ٢ – جوان عارف میرزا) کە پێشتر نیشتەجێی کەلار - گەڕەکی ئازادی ، بەڵام ئێستا شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە.
بۆیە ئەم دادگاییە بریاریدا لە رۆژی (٢٠٢٠/٢/١٧) بە ادخال کردنتان وەك کەسی سێیەم بەمەبەستی ڕونکردنەوە لە داوای ژمارە ٤٢٢ /ب/٢٠١٥ کە لەم دادگایە تۆمارکردووە و تیایدا داوای قەدەغەکردنی نواگیریەکەی (منع معارضة) لە خانوی ژمارە (AG٢٥) هیلان ستی کردووە، ئەوە بوو پسوڵەی ئاگادارکردنەوە نێردرا بۆ ئاگادارکردنەوەتان بەڵام بە پێی راڤەی ئاگادارکەرەوە و پاش پشتگیری ئەنجومەنی گەڕەکی (کەلار- ئازادی) بیمرا لەو شوێنە نەماون و لە ئێستادا شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە، بۆیە دادگا بریاریدا لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بۆ ئامادەبونتان لە دادبینیکردنی رۆژی ٢٠٢٠/٣/١٨ کاتژمێر (١١:٠٠) ی پێش نیوەرۆ لەم دادگایە، بە پێچەوانەوە دادگا بە پێی یاسا بەردەوام دەبێت لەسەرکارەکانی لە بینینی داواکە.
دادوەر / حسن احمد عباس
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٥٥٦/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ئەلیس سانا ئلین کریستیا
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١ یاسای نیشنگە بیانیەکان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٧/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٢٤٦/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: حیدر صادق عبدالحسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١/١) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بازیان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٧/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
* * *
دادگای کەتن لە پیرەمەگروون
ژمارە: ٦٧/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٠
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ولی ایدن YELI AYDIN
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢٣) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (پیرەمەگروون) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٦/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شنۆ محمود علی
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٨/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠٢٠/٢/١٦
بۆ/ تاوانبارکراو / گوران ادهم رحیم
بلاوکردنەوەی ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەرۆژی دادگایی کردنت ٢٠٢٠/١/٢٦ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) و ئاشکرا لەداوای ژمارە ٩٤٢/ك/٢٠١٩بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٤٥٧ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە ٤ چوار مانگ بەند کردن.
وە فەرمانی گرتنت درا بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بگوێرەی یاسا.
دادوەر/سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٣٥/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠٢٠/٢/١٢
بۆ/ تاوانبار/ محمد عمر حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەرۆژی دادگایی کردنت لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٨ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٢٣٥/ك/٢٠١٩ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٤٤٦ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە ٦ شەش مانگ بەند کردن.
وە فەرمانی گرتنت درا بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بگوێرەی یاسا.
دادوەر/ سەروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی شارەزوور
ژمارە/ ١٦١/ج/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٩
ئاگاداری
ناوی تۆمەتباری رزگار محمد احمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگای بکرێیت بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (شارەزوور) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٦/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٣٥/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠٢٠/٢/١٢
بۆ/ تاوانبار/ محمد عمر حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەرۆژی دادگایی کردنت لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٨ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٢٣٥/ك/٢٠١٩ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٤٤٦ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە ٦ شەش مانگ بەند کردن.
وە فەرمانی گرتنت درا بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بگوێرەی یاسا.
دادوەر/ سەروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی شارەزوور
ژمارە/ ١٦١/ج/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٩
ئاگاداری
ناوی تۆمەتباری رزگار محمد احمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگای بکرێیت بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (شارەزوور) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٦/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ سەروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٨/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠٢٠/٢/١٦
بۆ/ تاوانبارکراو / گوران ادهم رحیم
بلاوکردنەوەی ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەرۆژی دادگایی کردنت ٢٠٢٠/١/٢٦ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) و ئاشکرا لەداوای ژمارە ٩٤٢/ك/٢٠١٩بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٤٣٢ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە ٤ چوار مانگ بەند کردن.
وە فەرمانی گرتنت درا بۆت هەیە خۆت ڕادەستی دادگا بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بگوێرەی یاسا.
دادوەر/سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٩٤٢/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠٢٠/٢/٥
بۆ/ تاوانبار/ هێمن سعید ملا
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەرۆژی دادگایی کردنت لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٨ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٩٤٢/ك/٢٠١٩بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٤٥٧ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە یەك ساڵ بەند کردن.
وە فەرمانی گرتنت درا بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بگوێرەی یاسا.
دادوەر/سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٣٥/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠٢٠/٢/١٢
بۆ/ تاوانبار/ محمد عمر حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەرۆژی دادگایی کردنت لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٨ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٢٣٥/ك/٢٠١٩ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٤٤٦ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە ٦ شەش مانگ بەند کردن.
وە فەرمانی گرتنت درا بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بگوێرەی یاسا.
دادوەر/ سەروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی شارەزوور
ژمارە/ ١٦١/ج/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٩
ئاگاداری
ناوی تۆمەتباری رزگار محمد احمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگای بکرێیت بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (شارەزوور) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٦/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٨/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠٢٠/٢/١٦
بۆ/ تاوانبارکراو / گوران ادهم رحیم
بلاوکردنەوەی ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەرۆژی دادگایی کردنت لەرێکەوتی

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:٥٨٩٦/ش٢٠١٩/١
رێکەوت:٢٠٢٠/٣/٨
جاردان
بۆ داوالێکراو (عائیشە دەمر احمد)
ئاماژە بە داوای ژمارە (٥٨٩٦/ش٢٠١٩/١) کە تایبەتە بە داواکار (لقمان هاشم خلیل) وە داوالێکراو (عائیشە دەمر احمد) دادگا لە ٢٠٢٠/٣/٣ بریاری دا بە (تصدیق طلاق خارجی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری گەرەکی فەرمانبەران) بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) رۆژ بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٣٥٧/ش٢٠٢٠/١
رێکەوت:٢٠٢٠/٣/٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (کریستینا سومر)
شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٣٥٧/ش٢٠٢٠/١) وە لەبەروەری ٢٠٢٠/٣/١ بریاری دا لەسەر (پەسندکردنی ئەو تەلاقەی کە داواکاری هاوسەرت (ارسلان کانەبی رشید) کە دەرهەقت ئەنجامی داوە لە دەرەوەی دادگا لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی فەرمانبەران) بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە رۆژ بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
***
دادگای باری کەسێتی پێنجوێن
ژمارە: ٣٧/ش٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٣/٨
ئاگاداری
داواکار/ محمد حمەصالح مصطفی
داوالەسەرکراو/ سەرگوڵ محمد صالح
بۆ داوالەسەرکراو (سەرگوڵ محمد صالح) داواکار داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە بە ژمارە (٣٧/ش٢٠٢٠) کە تیایدا داوای (تصدیق طلاق/راستاندنی تەلاقی دەرەکی) دەکات ،وە لەبەر ئەوەی کە شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە لە ئێستادا دادگا بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە تا لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٢٠/٤/٨) کات ٩:٣٠ی سەرلەبەیانی ئامادەبیت لەم دادگایە خۆت یان بریکارەکەت وە بەپێچەوانەوە دادگا داواکە دەبینێت بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ دانا محمود حمەصالح
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٤٨٠١/ش٢٠١٩/٤
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٣/٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سرهد حمد مولود)
شوێنی دانیشتن نادیارە.
ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (٤٨٠١/ ش٢٠١٩/٤) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٢٣) کە لە دادگای باری کەسی هەولێر دەرچووە دادگا بریاریدا بە (نفقة) لەسەرت تۆمارکراوە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/ نێرگز) بۆیە بریاریدا لە پێڕاگەیاندنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی لە رۆژی پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ صباح حسن رشید
***
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە: ١٠٦٠/ب٢٠١٩/٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (غریبە خضر عبدالقادر)
داواکار (فیصل محمد رسول) داوای ژمارە (١٠٦٠/ب٢٠١٩/٢) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری (پارێزگاری هەولێر/ گەرەکی اسکان) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێڕاگەیاندن بە دوو رۆژنامەی ناوەخۆی ڕۆژانە بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لەدادبینی رۆژی ٢٠٢٠/٤/٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.
دادوەر/ سیروان خضر مصطفی
***
دادگای باری کەسی قوشتەپە
ژمارە:٣٠/ش٢٠٢٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٣/٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (شریفە هژار مراد)
شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٣٠/ش٢٠٢٠) بریاری دا بە (تصدیق طلاق) لەبەروای ٢٠٢٠/٣/١ دەرچووە لە نێوان داواکار (برزان بنگین ملول) وە داوالێکراو (شریفە هژار مراد) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری نووسراوی موختاری گەرەکی کشتوکاڵ لە ٢٠٢٠/١/٢١ بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئامادەبوونت خودی خۆت یان بریکاری یاسایت لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٠ کاتژمێر ٩/بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپێی یاسا.
سەرۆك/ شوان حبیب صالح
***
دادگای تێهەڵچوونەوە/ بەشێوەی رەسەن
ژمارە/ ٤/س٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٣
جاردان
بۆ/ تێهەلچوو لەسەر سێ یەم/
نسرین عبدالحکیم سعید کە
شوێنی دانیشتنی نادیارە
تێهەلچوو / سفین نوری اسماعیل داوای تێهەڵچوونەوەی ژمارە ٤/س٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری نووسراوی موختاری گەرەکی کشتوکاڵ لە ٢٠٢٠/١/٢١ بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئامادەبوونت خودی خۆت یان بریکاری یاسایت لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٠ کاتژمێر ٩/بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپێی یاسا.
سەرۆك/ شوان حبیب صالح
***

Crescent Petroleum

Job Vacancy	
Position Title	English Trainer
Direct Supervisor	Training Manager
Department	Training and Localisation
Job Location	Khormor – Kurdistan region of Iraq
Job Reference Code: ET/T/Mar/20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Works closely with the Training Manager to conduct English language Training (both technical and daily communication) for all identified local national employees. Reports to the Training Manager.

Primary Duties and Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

English Training Processes
1. Conduct skills gap assessments through understanding business requirements, maps it to the department needs and identifies training needs.
2. Develops and conducts individual TNA (training need analysis) and assists in drawing up an overall language training plan.
3. Plans, prepares and delivers lessons and workshops for groups and individuals.
4. Designs and produces teaching materials and adapting existing materials.
5. Plans programs of study-work (applied learning OTJ).
6. Works closely with technical OTJ trainers to incorporate technical subjects into English learning.
7. Maintains records of attendance and assesses employees' progress.
8. Prepares information for inspection visits and other quality assurance exercises.
9. Assists in drafting and reviewing institutional policies relating to the education of students with English as a Second Language.
10. Engages in continuous professional development (CPD).
11. Designs, plans, organizes and directs orientation and training for new and existing employees.
12. Identifies training providers and vendors in order to meet language training needs and supports contracts with them for desired and agreed training outcomes, fees and expenses.
13. Organizes, develops and obtains training course materials such as handouts and visual materials previously used or in storage.
14. Defines, documents and implements appropriate training administration processes.
15. Conducts language training programs as per outcome of TNA for various employee groups in most effective manner.
16. Assesses training status through regular tests, surveys, interviews with employees, focus groups, or consultation with Direct Supervisors or external instructors.
17. Attends meetings and seminars to obtain information for use in training programs, or to inform management of training program status.
18. Interfaces with Training Manager and other Managers to ensure effective delivery of training programmes.

Reporting and Communication
19. Reports to the Training Manager in all issues relating to the English training activities.
20. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position
21. Attends training and seminars and recommends subsequent actions to improve the English training activities within the company.

Decision–making Authority

N/A

Working and Other Reporting Relationships

Training Manager – Company	Frequent/daily
Senior & Executive Manager – Company	Occasional as required

Supervisory Responsibility

N/A

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Bachelor's degree in teaching English as a Second Language/ESL/EFL/ESOL/TESL/TEFL/TESOL/ Linguistics/ English/Foreign Languages and more than 2 years of professional experience teaching ESL/EFL to adults

Minimum Professional Experience Required

Minimum 4 years of English language teaching experience with recognized collages or professional experience teaching ESL/EFL to adults - authenticated documents required

Special Requirements and Conditions

Professional trainer qualification preferred (CIPD, ASTD)

Crescent Petroleum

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Good organizational and planning skills • Excellent communication skills specially in English and Kurdish • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Time management	• Ready to shoulder responsibility and walk the extra mile • Ability to work with individuals from different backgrounds • Strongly belief in ethical practices • Ability to accept constructive criticism and dealing calmly and effectively with high stress situations • Ability to present ideas in user-friendly language • Very good team player • Ability to demonstrate honesty and confidentiality	• Excellent drafting and reporting skills especially in English • Competent in training policies/practices and procedures • Excellent computer skills and the ability to produce documents using MS Office Suite tools

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than **19 March 2020**:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

e-Mail it to us at**:** **jobs_cpdg@crescent.ae** (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is **English Trainer**, Ref: **ET/T/Mar/20**)

www.xebat.net
سێ شەممە 2020/3/10 ژمارە (5949)
خەبات



زمانی ژمارە

لە 2019 چەند رۆژنامەنووس تیرۆر کراون؟

ئا: هەندرێن شێرزاد

ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا ئەم زانیارییانەی خوارەوەی دەربارەی ئەو رۆژنامەنووسانە ڕاگەیاند کە پارسڵ لە سەرتاسەری جیهان تیرۆر کراون یان دەستگیرکراون :

49 رۆژنامەنووس لە سەرتاسەری جیهان و لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان تیرۆر کراون.

هەروەها 389 رۆژنامەنووسیش بە بیانووی جۆراوجۆرەوە دەستگیر کراون.

بە بەراوردیش لەگەڵ ساڵی 2018 ئەم ژمارەیە بە ڕێژەی 12%زیادی کردووە.

بە گوێرەی زانیاریەکانی نێو ڕاپۆرتەکە ، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2018 ڕێژەی کوژرانی رۆژنامەنووسان لە ساڵی 2019 تا ئاستی نیوە دابەزیوە، بەو پێیەی لە 2018دا 89 رۆژنامەنووس تیرۆر کرابوون.

لەنێو ئەم ژمارەیەدا 36 رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و 10 ڕۆژنامەنووسی ئاسایی و 3کارمەندی بواری رۆژنامەگەری هەن.

زیاتر لە نیوەی رۆژنامەنووسە تیرۆرکراوەکان ، واتە 29 کەسیان لەو ناوچانە گیانیان لەدەست داوە کە تیایاندا شەڕ نەبووە.

زیاتر لە 60%ی ئەو رۆژنامەنووسانە بە مەبەست کراونەتە ئامانج و هەموویان لەناو وڵاتانی خۆیان تیرۆر کراون.

تەنیا لە مەکسیک 10 رۆژنامەنووس تیرۆر کراون ،ئەم ژمارەیە بۆ دووەم ساڵە لەم وڵاتە دووبارە دەبێتەوە.

بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردووا ، ژمارەی رۆژنامەنووسانی تیرۆرکراو لە چەند ناوچەیەکی گرگرتووی وەک سووریا و عێراق و یەمەن و ئەفغانستان ڕووی لە دابەزین کردووە.



© picture-allian

دەکرێ بوترێ ئەمەریکای لاتین کە تیایدا 14 رۆژنامەنووس تیرۆر کراون ، هاوکات لە مەکسیکیش کە 10 رۆژنامەنووس تیرۆر کراون، بە خۆێناوییترین ناوچەکانی جیهان بۆ رۆژنامەنووسان وەسف بکرێن.

لەنێو ئەو 389 رۆژنامەنووسەی کە ساڵی پار لە سەرتاسەری جیهان دەستگیر کراون ، 8%یان ئافرەتن و زۆربەیان لە کاتی بەرپابوونی خۆپیشاندان لە جەزائیر و هۆنگ کۆنگ و چیلی و پۆلیثیا بووە.

نیوەی رۆژنامەنووسە بەندکراوەکان (186) کەس تەنیا لە 3وڵات دەستگیر کراون کە چین و میسر و سعودیەن.

نزیکەی 57 رۆژنامەنووس لە سەرتاسەری جیهاندا وەک بارمتە لە سووریا و یەمەن و عیراق و ئۆکرانیا دەستگیر کراون.

13 رۆژنامەنووس لە 5وڵاتی عەرەبیدا تیرۆر کراون (عیراق 2، سووریا 6، سۆمال 3، یەمەن 1، لیبیا 1).

15 رۆژنامەنووس لە ناوچەکانی ئاسیا و ئۆقیانووسی هێمن تیرۆر کراون.

ڕێکخراوی یونسکۆ لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە کە ئەو رۆژنامەنووسانەی لە ناوەوەی وڵاتانیاندا ڕوومالّی چەند پرسێکی وەک گەندەڵی و تاوان دەکەن زۆر مەترسیدارترە لە کاری ڕوومالکردنی شەڕ.

% 10ی ڕووداوی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان لە جیهاندا ڕێوشوێنی یاسایی پێویستیان بەرامبەر تاوانباران دەگیرێتە بەر.

(کورۆنا) لە ڕوانگەی سیاسیدا!

یونس حەمەد ـ ئۆسلۆ

لە ناوەڕاستی مانگی دیسەمبەری ساڵی 2019، لە شاری (ووهان)ی چیینی نەخۆشی ئەنفلۆنزای (کرۆنا) سەری هەڵدا ، ئەگەرچی سەرەتا زۆر بە بایەخەوە ئەم ئەنفلۆنزایە بە هەند وەرنەگیرا،بەڵام دواتر هەر زوو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە تایبەت پەیمانگا تەندروستیەکانی جیهان سەبارەت بەم نەخۆشیە هاتنە دەنگ ،دواتر کرۆنا سنووردکانی تێپەڕاند ، لە (ووهانەوە) بۆ (قوم) ،لە پاشاندا بەبێ هیچ پاسەپۆرت و سانسورێک سنووری دەوڵەتانی یەک لەدوای یەک بەزاند ، سەرجەم کیشوەرەکان ئەم قایرۆسەیان لێ نیشت ، لە ئاستی تەندروستی و بەرەنگاربوونەوەی ناخۆشییەکان تێپەڕی ، جگە لە زاری پزیشک و پیاوانی تەندروستی قسە و باسەکانی (کرۆنا) بووە وێردی سەر زمانی سەرجەم چین و تۆێژەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لە دەزگاکانی میدیایی و تیڤی و شوێنە گشتیەکاندا زۆربەی ئاخافتن و باسەکان بەشی شێری (کرۆنا)ی لە خۆ گرتبوو ، لە ئاستێکی تردا ،دەبینین پیاوانی سیاسی یان لە ڕوانگەی سیاسیشدا ئەم پەتایە لە زۆربەی بۆنەکاندا قسە و باسی لێوەکرا ، کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی سەرۆک و بەرپرسانی دەوڵەتان بەر لەوەی باس لە گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و جەنگ بکەن ئاماژەی یەکەمیان چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی پەتای (کرۆنا)بووە ، ئەگەر چەند هەنگاوێک بەرەو دواوە هەنگاو بنێین دەبینین لەم ماوەیەی دواییدا مرۆڤ ئەگەر جاران تەندروستی خۆی بەهەر هۆیەک بێت فەرامۆش کردبێت ، بەڵام بۆ (کرۆنا) شتێکی دیکە بوو ، هۆکارەکانی میدیایی بە تایبەت (سۆسیال میدیا) گرینگی هەبوو ،ئەوەی زۆر گرینگە زیاتر ئاماژەی پێ بکەین ڕوانگە سیاسییەکەیە کە ئەم ئەمجارەیان ڕوانگەی تەندروستی بەسەری زاڵبوو ، هەمیشە بەتایبەت لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا مرۆڤ وا لێ ڕاهاتووە کە پرسە سیاسییەکان بخاتە سەر پرسەکانی دیکە ئەگەرچی لەم چەند ساڵانەی دواییدا پرسی ئابووریش پرسێکی پڕ بایەخ بوو ، بەڵام هەمیشە نەدەگەیشتە پرس و ئاستی سیاسی ،چونکە هەموو ئاماژەکان بەوە سەرچاوەیان گرتووە ، ئەگەر پرسە سیاسیەکان یەکلابینەوە یان ئارامی سیاسی هەبێت پرسی ئابووری چارەسەری ئاسانە ، بەتایبەت بۆ بازاڕەکانی نەوت و کانزاکان ،یان پیشەسازی و کشتووکاڵی ، کە لە توانای مرۆڤدایە ئاڵوگۆڕی پێ بکات یان مامەڵەی ڕۆژانەی پێ هەڵسووڕێنێت .. دوای هاتنی (کرۆنا) و داگیرکردنی جیهان پێویستە لە دواڕۆژ و ئایندەدا بەتەنیا پرسەکانی ئابووری و بازاڕی نەچنە سەر میزی گفتوگۆکانی بازرگانان و پیاوانی کار ، یاخوود پرسە سیاسیەکانی ڕابردوو و ئێستای جیهان نەبنە جێگای هەموو دانیشتن و گفتوگۆکان ، بەڵکو تەندروستی و ساخلەمی پێویستە لە داهاتوودا ببێتە ژمارە یەک لە هەموو گفتوگۆ و پێشهاتەکاندا.



مانشێت



سکای نیوز:
چەند وڵاتێکی یەکێتی ئەورووپا بڕیاری وەرگرتنی 1500 کەسیان دا کە تەمەنیان لە خوار 18 ساڵی دایە و لە دوورگەکانی یۆنان گیرساونەتەوە.



ئیلاف:
کۆریای باکوور لە ناوچەی سۆندۆکی کەناری رۆژهەڵات سێ چەکی دیکەی تاقیکردەوە و ئاراستەی دەریای ژاپۆنی کردن.



ئەی ئێف پی:
ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا داوای لە یۆنان کرد دەرگا لەبەردەمی پەنابەران والاّ بکات بۆ ئەوەی ڕوو بکەنە وڵاتانی دیکەی یەکێتی ئەورووپا.



رۆیتەرز:
ڕێکخراوی تاڵیبان بە دووری زانی حەفتەی داهاتوو لەگەڵ حکوومەتی ئەفغانستان بکەوێتە گفتوگۆ و دانوستان.



رۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت:
لە بەریتانیا سێیەم حالەتی مردن بە قایرۆسی کورۆنا تۆمار کرا.



کەنالی ئار تی:
حکوومەتی چیک داوای لە چین کرد بالّیۆزەکەی ئێستای لە پراگ بگۆڕێ.

چەند خۆراکێک بۆ بەهێزکردنی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆس



هەر لەگەڵ بەرکەوتن بە کەلوپەلی کەسی توشبوو بە ڤایرۆس راستەوخۆ و بە خێرایی ڤایرۆسەکە بۆ تۆ دەگوازرێتەوە، کە کاریگەری لەسەر تەندروستی جەستە و کۆئەندامی بەرگری دەبێت. ڤایرۆسەکان لە هەموو لایەکدا دەورمان دەدەن و نازانین چۆن خۆمان لێیان دەرباز بکەین، بۆیە ماڵپەڕی Mindbodygreen باس لەوە دەکات کە چەند خۆراکێک هەیە بۆ دەرکردنی ڤایرۆسەکان لە جەستەی مرۆڤ دا بەهۆی هەبوونی دژە زیندەگی و دژە ڤایرۆس لە پێکهاتەکەیاندا وەک:-

یەکەم. سیر، بە باشترین خۆراکی دەوڵەمەند بە ڤیتامین و تۆخمە خۆراکییەکان دادەندرێت کە هاوکارە لە دەرکردنی ڤایرۆس و میکرۆبەکان لە جەستەدا و تەندروستی کۆئەندامی بەرگری باشتر دەکات و لە نەخۆشیی دەیپارێزێت، بۆیە ئامۆژگاری ئەوە دەکرێت کە سیر بەردەوام و رۆژانە لە پێکهاتەکانی ژەمەکاندا هەبێت.

دووەم. هەنگوینی سپی، خواردنی هەنگوینی سپی بە باشترین ڕێگای سروشتی دادەندرێت بۆ چارەسەرکردنی ژمارەیەکی زۆری نەخۆشییەکان، تایبەتمەنی زۆر سەرسوڕهێنەری هەیە کە کارەکات بۆ باشکردنی تەندروستی جەستە و کۆئەندامی بەرگری و پاراستنی لە نەخۆشیی و ڤایرۆسەکان، لە هەمانکاتدا بەکار دێت بۆ چارەسەرکردنی سووتانی پێست و هەوکردنی زۆری جەستە.

سێیەم. زەنجەفیل (زەنجەبیل)، بە دژە زیندەگییەکی سروشتی دادەندرێت بەهۆی هەبوونی تایبەتمەنی سەرنج راکێش و هەبوونی توخمی کانزایی زۆر تێدا، بۆ دروستی بەرگری جەستە و خۆ پاراستن لە ڤایرۆس و میکرۆبەکان، هەروەها رۆڵی کاریگەری هەیە لە نەخۆشییەکانی سەرما و ئەنفلەوەنزا.

چوارەم. سرکەی سێو، ڕێژەیەکی بەرزی لە ڤیتامین و تۆخمە خۆراکییەکان تێدایە کە تەندروستی جەستە باش دەکات و ڕێگا بە توشبوون بە ڤایرۆس و نەخۆشییەکان نادات، لە هەمانکاتدا رۆڵی هەیە لە پاراستنی تەندروستی پێست و قژ و جەستە لە هەوکردن دەپارێزێت.

پێنجەم. جاترا، لێکۆڵینەوەکان دەیسەلمێنن کە جاترا هاوکارە بۆ باشکردنی تەندروستی سیستەمی بەرگری و ڕێگری دەکات لە دژی ڤایرۆس و بلاوبوونەوەی، هەروەها بە دژە زیندەگییەکی سروشتی دادەندرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هۆکارەکانی نەخۆشیی.

ئایا ڤیتامین C لەسەر ڤایرۆسی کۆرۆنا زاڵ دەبێت؟



زۆر کەس بۆ زاڵبوون بەسەر نەخۆشییەکانی سەرما و ئەنفلەوەنزا بڕێک لە ڤیتامین C دەخۆن، بۆیە ژمارەیەک لە زانای چینی هەوڵدەدەن لێکۆڵینەوە دەربارەی کاریگەرییەکانی ئەو ڤیتامینە لەسەر نەخۆشیی کۆرۆنا بکەن بۆ دۆزینەوەی کاریگەرییەکانی.

زانا چینییەکان بڕێکی زۆری ڤیتامین C بەکار دەهێنن وەک تاقیکردنەوە بۆ ژمارەیەک لە نەخۆش کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنان وەک هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی کاریگەری ئەو ڤیتامینە بۆ کپکردنی ئەو ڤایرۆسە کوشندەیە.

زاناکان لە نەخۆشخانەی (چۆنگنان) لە زانکۆی ووهان بڕی 24 گرام ڤیتامین C ڕۆژانە بەکار دەهێنان بۆ ماوەی 7 ڕۆژ بۆ ئەو نەخۆشانەی دووچاری ڤایرۆسی کۆرۆنا هاتوون، بەڵام ئەنجامەکانی ئەو تاقیکردنەوەیە بڵاونەکراوەتەوە تاکو ئێستا.

لەگەڵ ئەوەشدا زاناکان گەشبینن سەبارەت بە ئەگەری ئەوەی کە ئەو ڤیتامینە چارەسەرە بۆ ئەو تەرزە نوێیەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

ئەو بڕەی زانا چینییەکان بە نەخۆشەکانی دەدەن دەگاتە 60ئەوەندەی ئەو بڕەی پێشنیارکراوە لە ڕۆژێکدا مرۆڤ وەربگرێت بە گوێرەی دەزگای خزمەتگوزاری تەندروستی بەریتانیا و 24ئەوەندەی وەک چارەسەر بە نەخۆشەکانی وەرزی ساردی دەدرێت.

ڤایرۆسی COVID-19 بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی کردووە کە تووشبووەکان ئامارژە بەوە دەکەن لە شێوەی ئەنفلەوەنزا دایە لە ڕووی کۆکە و پژمیندا.

لە کاتێکدا ئێستا ڕێنمایی خەلک دەکرێت چۆن خۆیان لەم ڤایرۆسە بپارێزن، بەڵام لە هەمانکاتدا زانا چینییەکان لە ووهان کە سەرچاوەی یەکەمی ئەم ڤایرۆسەیە کارەکەن بۆ زانینی ئەگەری کاریگەری ڤیتامین C بۆ لەناوبردنی ئەم ڤایرۆسە کوشندەیە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێک کە لە ساڵی 2017 سەبارەت بە Cochrane Collaboration دەردەکەوێت کە ڤیتامین C هاوکارە بۆ بەرهەمهێنانی خڕۆکە سپییەکانی خوێن کە پاڵپشتی سیستەمی بەرگری دەکات بۆ پێشگیری لە ڤایرۆسەکان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڤیتامینە یارمەتیدەرە بۆ کورتکردنەوەی ماوەی نەخۆشییەکە نەک بۆ چارەسەرکردنی.

باشترین سیستەمی خۆراکی بۆ پاراستنی مێشک لە پیری

زاناکان بە بەکارهێنانی شێوازە وێنەگرتنی دەماری بەدواداچوونیان بۆ چۆنیەتی کاریگەری سیستەمی خۆراکی لەسەر گۆڕانکارییەکانی سەر مێشک بە پێشکەوتنی تەمەن کرد. بۆیان دەرکەوت باشترین سیستەمی خۆراک بۆ پاراستنی توانای مێشک خۆراکی کەم کاربۆهێدراتە.

گۆڤاری (Proceedings Of The National Academy Of Sciences) ڕایگەیاند: زاناکانی فیسیۆلۆجیای دەمار زەنگی مەترسییان لێداوە، چونکە ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر مێشکدا دێت بە پێشکەوتنی تەمەنەوە ئێستا زۆر بە ڕوون و ئاشکرا دەبینرێت لە لایان ئەوانەی تەمەنیان لە 50 ساڵ کەمترە.

ئەو لێکۆڵینەوەیەی زاناکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بە سەرۆکایەتی دکتۆر (لیلیان موهیکا باروەی) لە زانکۆی ستونی بڕۆک لە نیۆیۆرک ئەنجام دا، هۆکارەکە بۆ سیستەمی خۆراکی دەوڵەمەند بە کاربۆهێدرات لە ڕۆژهەلات دەگەڕێننەوە.

بۆ تێگەیشتنی چۆنیەتی کاریگەری سیستەمی خۆراکی لەسەر پیربوونی مێشک زاناکان سیستەمێکیان داهێنا بۆ نیشانەکانی زیندەگی کە سەرجەم زانیارییە زانستی و فەسلەجییەکان لەبەر چاو دەگرێت، وەک بەرهەڵستی ئەنسۆلین و گرنگتریان هاوسەنگی تۆڕی دەمارەکانی مێشکە کە ڕەنگدانەوەی هاوسەنگی پەیوەندییەکانی ناوچە جیاوازەکانی مێشکە.

ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانە کە 1000 کەس تێدا بەشدار بوو و تەمەنیان لە نێوان 88-18 ساڵ بوو دەرکەوت، نیشانەکانی زیندەگی بۆ پیری مێشک پەیوەستە بە جۆری وزە کە جەستە بەکاری دێنێت لە کرداری خۆراک گۆڕینداا، گلوکۆز هاوسەنگی تۆڕی مێشک دادەبەزێنێت و کیتۆنەکانیش بەرزیان دەکاتەوە، نارێکی هاوسەنگی تۆڕی مێشک پەیوەستە بە شڵەژانی کردارەکانی هەستکردن، ئەوەش بەرزە لە لایان ئەوانەی نەخۆشیی شەکرەیان هەیە لە جۆری دووەم. دوو ئەنجام لەو لێکۆڵینەوەیە بەدەست هات یەکەمیان خراپ و نەرێنیە ئەویش دۆزینەوەی نیشانەکانی پیری مێشکە لە لای گەنجاندا و ئەوی دیکە ئەرێنی و باشە کە بریتییە لە توانای وەستاندنی پیری مێشک و زاڵبوون بەسەریدا بە پیادەکردنی سیستەمێکی خۆراکی جیاواز کە نا ڕێکی کرداری گۆڕینی خۆراکی کەم دەکاتەوە بە دانانی کیتۆنەکان لە شوێن گلوکۆز وەک وزەی خانەکانی دەمار.

لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە کە لەگەڵ چوونە ناو تەمەن مێشک توانای بەکارهێنانی گلوکۆزی بە باشی نامێنێت، بۆیە خانەکانی دەمار لەسەر خۆ بەرسی دەبن و هاوسەنگی تۆڕکانی مێشک تێکدەچێت، بۆیە کیتۆنەکان وەک سوتەمەنی دەتوانن وزەیەکی زیاتر بە مێشک بدەن بەوەش تۆڕکانی مێشک جێگیر دەبن.

بە گوێرەی قسەی زاناکان ئەگەر هەیە پەیڕەوکردنی سیستەمی خۆراکی کەم کاربۆهێدرات بە تەمەنداچوون لەسەر مێشک کەم بکاتەوە بۆیە پێویستە بڕێکی زیاتر گۆشت یان ماسی لەگەڵ زەڵاتە بخورێت بە بێ خواردنی کاربۆهێدرات.



هەڵەکان لە کاتی ڕشاندنی قڕکەری کیمیایی



بەهۆی سەرهەڵدانی گژوگیا لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان یان تۆشبوونی بەروبومی کشتوکاڵی بە نەخۆشیی بە ناچارییەوە جوتیار پەنا بۆ بەکار هێنانی قڕکەری کیمیایی دەبات و زۆر جار ڕووبەڕووی چەندین هەڵە دەبێتەوە لە ئەجامی ئاگادار نەبوون بە شێوازە زانستییەکانی ئەم پڕۆسەیە وەک:

یەکەم. ئەنجامدانی ڕشاندن لە کاتێکدا کە خاکەکە وشکە.

دووەم. ڕشاند لە کەشوهەوایەک ئەنجام دەدرێت کە پلەی گەرمی بەرزە.

سێیەم. بەکار هێنانی بڕێکی زیاتر لە قڕکەری کیمیایی لەوەی لەسەر دەفرەکە نوسراوە.

چوارەم. بەکار هێنانی ئاوێکی پیس لە کاتی گرتنەوەی قڕکەرەکە کە ئەگەری هەیە ڕێژەی خوێنی بەرز بێت.

پێنجەم. ئامێری ڕشاندن تێکچووە و ڕێژەی زیاتر یان کەمتر دەپڕژێنێت.

شەشەم. قڕکەرەکە ڕاستەوخۆ لە پەمپی ڕشاندن دەکرێت بێ ئەوەی دەرفەت بە تێکەڵ بوونی بە ئاو بدرێت و تێک نادرێت بە باشی.

حەوتەم. بەدەست پێکهاتەکەی گیراوەکە تێکەڵ دەکرێت.

هەشتەم. بەکار نەهێنانی ماسک و دەستکێش و چاویلکە و جلوبەرگی تایبەت بە خۆپاراستن لە قڕکەری کیمیایی.

نۆیەم. زێدەڕۆیی لە کرداری ڕشاندنا.

دەیەم. تێکەڵکردنی زیاتر لە جۆرێک لە قڕکەر لەگەڵ یەکدیدا.


یازدەهەم. لە کاتی ڕشاندنا خواردن و خواردنەوە بخورێتەوە.

دوازدەهەم. ڕشاندن دژ بە ڕێڕەوەی با.



بۆ یەکەمجار یاریزانێکی ئیتاڵیا تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو

یانەی ریجیۆ ئۆداتچی کە لە پلە سێیی خولی ئیتاڵیا یاری دەکات، رایگەیاند کە ئەلیساندرۆ فاڤالی تەمەن 27 ساڵان بەرگریکاری یانەکەیان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە.
لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە کە یانەکە ئەو راسپاردە پزیشکییانەی جێبەجێکردووە کە بۆیان هاتووە بە پشکنینی تەواوی یاریزان و کادیران و لە ئاکامی ئەمەشدا دەرکەوت کە ئەو یاریزانە کۆرۆنای گرتووە و ئێستا لە ژێر چاودێری چڕدایە، بەڵام تەندروستی جێگیرە.





لەبەر ڤایرۆسی کۆرۆنا
رۆنالدۆ ناتوانێت رکابەری مێسی بکات لەسەر پێشەنگی گۆڵکارانی خولەکانی ئەوروپا

بەر لە یارییەکەی دوێنێ یۆڤینتۆس و ئینتەر میلان، مێسی سەرکەوتوو بوو لە تێپەڕاندنی رۆنالدۆی رکابەرە سەرسەختەکەی لە گرتنەدەستی پێشەنگی گۆڵکارانی پێنج خولە گەورەکەی ئەوروپا.
مێسی بە تۆمارکردنی گۆڵەکەی ئەم دواییە لە یانەی ریال سۆسیداد توانی بەپێش رۆنالدۆ بکەوێتەوە و ژمارەی گۆڵەکانی بگەیەنێتە 438 گۆڵ، بەڵام رۆنالدۆ پێرێ شەو توانی گۆڵێک لە ئینتەر تۆمار بکات و بگاتەوە ئاستی مێسی لە ریزبەندی گۆڵکارانی پێنج خولە گەورەکەی ئەوروپا.
پێدەچێت رۆنالدۆ نەتوانێت رکابەری مێسی بکات، چونکە ئەگەرێکی زۆر هەیە خولی ئیتاڵیا لەبەر ڤایرۆسی کۆرۆنا بوەستێت و لەکاتێکدا ئەم حالەتە لە خولی ئیسپانیدا دووبارە.

بەهۆی کۆرۆناوە
تەوقەکردن لە خولی ئینگلیزی قەدەغەکرا



تۆپی پێی ئینگلیزی بڕیاریدا کە لە پرێمەرلیگدا کە تاکاتێکی نادیار نابێ بەهیچ شێوەیەک تەوقەکردن لەنێوان یاریزان و ناوبژیوان و بەرپرسانی دیکەی وەرزشی ڕووبدات.
یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی لە راگەیەندراوەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە ئەم بڕیارە لەسەر راوێژی پزیشکیی ئەو وڵاتەوە دراوە و بڕیارە لە گەڕی 29 جێبەجێبکرێت و بەرلەهەر یارییەک ئەو پارچە میوزیکەی پرێمەرلیگ لێدەدرێت و دوای ئەوە راستەوخۆ دەست بەیاری دەکرێت بێ ئەوەی تەوقەکردن لەنێوان هەردوو یانە و ناوبژیوانان ڕووبدات.

ئەگەری زۆر هەیە رۆنالدینهۆ بەند بکرێت
پارێزەرەکە: رۆنالدینهۆ هیندە گەمژەیە نازانێت پاسەپۆرتەکەی ساختەیە

دادگای پاراگوای بڕیاریدا لێکۆڵینەوە لەگەڵ رۆنالدینهۆی ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیلی بکات، لەگەڵ ئەگەری بەندکردنی بۆ ماوەی شەش مانگ.
دەسەلاتدارانی پاراگوای بەتۆمەتی ساختەکردنی پاسەپۆرت، رۆنالدینهۆ دەستگیر دەکەن و ڕەوانەی دادگای دەکەن، کە بەگوێرەی یاسای ئەو وڵاتە هەرکەسێک پاسەپۆرت ساختە بکات بۆ ماوەی شەش مانگ بەند دەکرێت.
دادگای ئەو وڵاتەش رۆنالدۆیان دەستبەسەرکرد تا لێکۆڵینەوەکە تەواو دەبێت ئەویش لە ترسی ئەوەی نەوەک لەو وڵاتە رابکات، لەمبارەیەوە پارێزەرەکەی رۆنالدینهۆ رایگەیاند کە کێشەکە لەوەدایە رۆنالدینهۆ هێندە گەمژەیە نازانێت پاسەپۆرتەکەی ساختەیە.
جێی باسە رۆنالدینهۆ ناچار بووە ئەمە بکات، چونکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەچێت لەبەرازیل پاسەپۆرتەکەی لێوەرگیراوەتەوە و بۆی نەبووە گەشت بکات.



چەند زانیارییەک لەسەر تیروپشکی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا

تیروپشکی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ڕاکێشرا، کە هەڵبژاردەکان بەسەر چوار ئاست دابەش کراون، ئاستەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، لە 16 هەڵبژاردە پێکدێن و بەسەر چوار کۆمەڵە دابەش کراون، ئاستی چوارەمیش لە 7 هەڵبژاردە پێکدێت و بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کراون. ئەمەو قۆناغی کۆمەڵەکان لە مانگەکانی ئەیلول، تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی 2020 بەڕێوە دەچێت، خولی کۆتاییش لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2021 بەڕێوە دەچێت. شایانی باسکردنە، ئەو هەڵبژاردانەی لە کۆتایی ریزبەندی کۆمەڵەکانی ئاستی یەکەم و دووەم دێن، دادەبەزنە ئاستی خوارووتر لە وەشانی وەرزی 2022-2023، بەڵام پاڵەوانانی ئاستی سێیەم و چوارەم، بۆ ئاستەکانی سەرووتر سەر دەکەون.
تیروپشکی هەر چوار ئاستیش بەم شێوەی لای خوارەوەیە.
ئاستی یەکەم:
کۆمەڵەی یەکەم: هۆڵەندا- ئیتاڵیا- بۆسنە- پۆڵەندا
کۆمەڵەی دووەم: ئینگلتەرا- بەڵژیکا- دانیمارک- ئایسلەندا
کۆمەڵەی سێیەم: پورتوگال- فەرەنسا- سوید- کرواتیا
کۆمەڵەی چوارەم: سویسرا- ئیسپانیا- تۆرکیا- ئەڵمانیا
ئاستی دووەم:
کۆمەڵەی یەکەم: نەمسا- نەرویج- ئێرلەندای باکوور- ڕۆمانیا
کۆمەڵەی دووەم: چیک- سکۆتلەندا- سلۆڤاکیا- ئیسرائیل
کۆمەڵەی سێیەم: ڕووسیا- سڕبیا- تورکیا- هەنگاریا
کۆمەڵەی چوارەم: ویلز- فینلەندا- کۆماری ئێرلەندا- بولگاریا
ئاستی سێیەم:
کۆمەڵەی یەکەم: ئازەربێجان- لۆکسمبۆرگ- قوبرس- مۆنتینیگرۆ
کۆمەڵەی دووەم: ئەرمینیا- ئیستۆنیا- مەکەدۆنیای باکوور- جۆرجیا
کۆمەڵەی سێیەم: مۆلداڤیا- سلۆڤینیا- کۆسۆڤۆ- یۆنان
کۆمەڵەی چوارەم: کازاخستان- لیتوانیا- بیلاڕووسیا- ئەلبانیا
ئاستی چوارەم:
کۆمەڵەی یەکەم: مالتا- ئەندۆرا- لاتڤیا- دوورگەکانی فارۆ
کۆمەڵەی دووەم: سان مارینۆ- لیشتنشتاین- جەبەل تاریق

ڕەمزی میرەکانی



کلۆپ: پێویستە ڕاهێنەران هیچ رایەک لەبارەی کاریگەری کۆرۆناوە نەدەن



کیکی سیتینی ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە هاوڕا بوو لەگەڵ یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوول، لەسەر ئەوەی پێویستە ڕاهێنەران هیچ رایەک لەبارەی کاریگەری ڤایرۆسی کۆرۆناوە نەدەن. پێشتر کلۆپ ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە ئەوانەی پاشگرێکی تەندروستیان نییە، هەق نییە باس لەم قەیرانەی تەندروستی بکات و ڕای خۆی لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بدات، کە بووەتە هۆی دواخستنی چەندین چالاکی وەرزشی، ئەمە جگە لە لەناوبردنی چەندین مرۆڤ. ڕاهێنەری بەرشلۆنە رایگەیاند و گوتی: کلۆپ وەڵامیکی پڕ بەپێستی داوەتەوە، چونکە ئیمەی ڕاهێنەران زیانی تایبەتیمان داوەتە سەر تۆپی پێ و ئەوکات ڕای ئێمە لەمبارەیەوە هیچ بەهایەکی نابێت چونکە شارەزاییمان لە بواری تەندروستییەوە نییە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue.10. Mar. 2020 No: (5949)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

باس لە بەسەرهاتی گەنجێک دەکات لەسەردەمی شەڕدا

(بەبێدەنگی ئازار درام) تازەترین کورتە فیلمی باشووری عێراقە



خەبات: سەریەست برزۆ

تازەترین کورتە فیلمی باشوری عێراق لەژێر ناوی (وجعت بصمت) بەبێدەنگی ئازاردرام هاتە بەرهەم، باس لە بەسەرهاتی گەنجان دەکات لە سەردەمی شەڕەکاندا کە ماڵ و حاڵیان لە دەست دەدەن . ئەم کورتە فیلمە پشت بەزمانی ئاماژە و غەمگینی و بێدەنگی دەبەستێ و باس لە بەسەرهاتی گەنجان دەکات و گەنجێک وەک نمونە کە بەهۆی روخانی ماڵەکەیان و لەدەست دانی کەسوکار و خۆشەویستەکەی عەقڵی لەدەست داوە، ئەم گەنجە هەوڵ دەدات خەیاڵی بگەڕێنێتەوە ئەوکاتی کە لەزانکۆ بووە و لەگەڵ هاوڕێکانیدا چۆن هەڵسوکەوتی کردووە و هەروەها خۆشەویستەکەی کە ئەویش قوربانی شەڕە ، ئەم گەنجە وا هەست دەکات کە هێشتا بۆنی باروت و خوێن دێت لەناو ماڵەکەیاندا .کورتە فیلمەکە لە دەرهێنانی عەباس مەکی عەبودیە و لە وێنەگرتنی حەسەن عەزاوی و نواندنی ئەبو زێد ئەلسەعدیە و بەرهەمی (سنتر فن) بۆ سینەما و شانۆیە و ماوەی کورتە فیلمەکەش (8) هەشت خولەکە.

خاتوونێکی ژەنیار لە عومان... وەک پێشەنگی ژەنیارانی ئامێری ڤیۆلین باس دەکرێت



ڕێبوار هەورامی

خاتوونی پەنجە زێڕین (تاهیرە جەمال) ژەنیارێکی ناوداری ئامێری ڤیۆلینە لە وڵاتی (عومان) ، باوکی ژەنیارێکی لێهاتووی ئامێری ساکسفۆن بووە و دایکیشی ژەنیاری کلارنێت بووە ، لە تەمەنی 12 ساڵیەوە ئەم خاتوونە هۆگری و خولیای فێربوونی ئامێری ڤیۆلین بووە، ئێستا لە سەرجەم وڵاتی سەڵتەنەی عومانداا خاتوو (تاهیرە جەمال) وەک پێشەنگی ژەنیارانی ئامێری ڤیۆلین باس دەکرێت و بووەتە مامۆستای لێهاتووی ئەم ئامێرە.

پیاو لە شیعری ئێمەی ئافرەتانی کورد و بیانیدا شتێکە نکۆڵی لێ ناکرێ

کچە شاعیری لاو (کەنار فاخر): پێشمەرگە و شەهیدان لەناو دڵی وشەکانمدان



دیمانە: وریشە عومەر

(کەنار فاخر خدر) دەرچووی کۆلێژی زمان، زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، لە ساڵی 2014دەستی داوەتە نووسینی شیعر، خاوەنی سەدان شیعرە وچەندین کۆڕی شیعری گێڕاوە ،ئەم خاتوونە قسەی بۆخەبات کردووە دەربارەی دنیای شیعر ،بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:

بۆ شیعرت هە لبژارد؟

هەموو ژانرێکی ئەدەبی بە پێی ئەو پاشخان و میتۆدانەی کە بۆی دیاریکراوە، خەسڵەتێکی لۆکاڵی و دەرەکی تایبەت بە خۆی هەیە ، بەمەش هەریەکەیان لەگەڵ جۆرێک لە پرەنسیبەکانی ویستی تاک یەک دەگرێتەوە. لە ئێستادا، هەڵبژاردنی شیعر لەنێو ژانرەکانی تردا، لە لایەن منەوە، پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیا و توانستی تاکە کەسیمەوە هەیە، کە زیاتر لەم سۆنگەیەدا خۆی دەبینێتەوە.

لەزمانی شیعریتاندا وشەگەلێکی ناسک و چیرۆک ئاسای ڕۆمانسی بەدی دەکرێت،ئاخۆئەمە زادەی خەیاڵی سحری خۆتانە،یان پەیوستە بەژیانی واقیعیتانەوە؟

خەیاڵ و واقیع ئەو دوو هێڵە تەریبەن کە نە بەیەک دەگەن و نە دەشکرێ یەکیان بە پێش ئەویتر بکەوێ، لەم سۆنگەیەشەوە دەکرێ تێکەڵەیەک لە هەردووکیان ببێتە هۆی بنیاتنانی دەقێکی شیعری خاوەن ڕەوتێکی ئیستاتیکی و هەڵگری پەیامێکی گشتی و شاعیر خۆی، هەر شتێکیش زۆر گووتراوە لە بەهاو چەشنەکەی کەم دەبێتەوە. بۆیە بە ئاوێتەبوونی هەریەک لەو ئیلهامانەی کە باسی لێوە دەکەی شیعر دەنووسم.

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شیعرەکانت کێشەیان بۆدروست نەکردوویت؟

نەخێر، چونکە شاعیر بۆ ئەوە دەنووسێ تا خۆی لە کێشە و بەربەستەکانی کۆمەڵگە ڕزگار بکا ، نەک بە پێچەوانەوە.

شیعرت بۆسەربەخۆیی نووسیەوە؟چی دەڵێیت لەم بارەیەوە؟.

هەم بۆ سەربەخۆیی بە مانا فراوانەکەی و هەمیش بە واتا تاکە کەسییەکەیەوە شیعرم هۆنیووەتەوە، چونکە سەربەخۆیی مافێکی لە پێشینەی شاعیرانە.

چەند؟بەرهەمی شیعریت هەیە؟

نزیکەی (150) بەرهەمم هەیە.

شیعر بۆکێ دە نوسیت؟

سەرەتا بۆ خۆم ، دواتر بۆ خوێنەر و شیعردۆستانی دەنووسم. چونکە شاعیرێک نادۆزیتەوە سەرو بەینی لەگەڵ شیعردا ناسازیێ و تەنیا بۆ خوێنەر بنووسێ.

حەز بەشیعری چی دەکەیت ڕۆمانسی یان نیشتیمانی؟بۆ؟

هەر شیعرێک بتوانێ پەنجەرەیەک بەڕووی دونیای تازەگەری و داهێنانداا بکاتەوە و هەڵگری پرەنسیب و ئایدۆلۆژیایێکی مۆدێرن بێ، خۆرسکانە دەچێتە دڵەوە.

پێشمەرگەو شەهیدان لەکوێی شیعرەکانی تۆن؟

شیعرەکانم لە ژێر چەتری پێشمەرگە و شەهیدان دان ، لە هەمان کاتیشدا، پێشمەرگە و شەهیدان لەناو دڵی وشەکانم دان.


پرۆژەی داهاتووت چیە؟

بەردەوام هەوڵی دروستکردنی وێنەی مۆدێرن دەدەم، بە زمان و ئەندێشە و سۆز و خەیاڵێکی سەردەمیانە.

لە ئێستادا شیعرەکانم لە ژێر ڕێکخستن و ئامادەکاری پێش چاپکردنن و لە داهاتوودا چاپیان دەکەم.

تاچەند لات ئاساییە شیعر بەبالای پیاودا بهۆنیت؟

بەر لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، دەپرسم: بۆ بە بالای پیاودا شیعر بهۆنمەوە؟ بوونی سێبەری پیاو لە شیعری ئێمەی ئافرەتانی کورد و بیانیدا شتێکە نکۆڵی لێ ناکرێ و بە ئەمری واقیعی دەزانم.



پەرواز حوسێن کلیپە نوێیەکەی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە

هەمزە سەرحان: خانمە گۆرانیبێژ، پەرواز حوسێن نوێترین ڤیدیۆ کلیپی بە ناوی "جەواسیس" بەزمانی عەرەبی بڵاوکردەوە.پەرواز حوسێن، لە چەنالی یوتیوب کلیپی "جەواسیس" بڵاوکردەوە، تێکستەکەی لەلایەن فیراس شەزەر نووسراوە، کاری دەرهێنانی کلیپەکەی لەلایەن رێگا بەرزنجی بۆ ئەنجامدراوە پەرواز حوسێن لەدایکبووی 1989 ، لە 2013 بەشداری لە بەرنامەی ئەرەب ئایدلی کەنالی mbc عەرەبیدا کرد، توانی تا قۆناغی پێش کۆتایی بەردەوام بێت و ناوبانگێکی باش پەیدا بکات و ئێستا خاوەنی چەند بەرهەم و ڤیدیۆ کلیپێکە بە زمانی کوردی و عەرەبی.

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

ڤایرۆسی کۆرۆنا

ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:

ڤایرۆسەکە بە بەریەکەوتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کاتێک کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکێ، یان بەریەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لووتەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:

جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ناسانی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەئاوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیپەکانی دەئاوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.

ئەخۆشیەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نیبە)، مەترسی زۆر لەسەر بەساڵاچوان و ئەو کەسانە هەیە کە نەخۆشی (وەک ڕەبۆ و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان



تەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

خۆپارێزی لە دەرەوە

لەبیستا هیچ پێکونەیەکی خۆپارێزی نیبە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.


بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:

- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێک) بە جێلێ تایبەتی کهولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لووتت داپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشیەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.

خۆپارێزی لە ماڵەوە

ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتایبت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:

- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم دابپۆشە.
- شلەمەنیەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکوڵێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە ناوەکو زاڵ بیت بەسەر هەورکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.



سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

چارەسەرییە پزیشکییەکان

ئەگەر هەست بە تا و کۆکە کرد، بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە تە ندروستی خۆت و خەڵکی.

ئەگەر لەو ماوەیە باری تەندروستیت باشتر نە بوو، پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و حاڵەتەکەت بە پزیشک ڕابگەیەنیت تاوەکو چارە سەری پێویست وەربگریت.